Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.24.11C15

# شوێنكات لە كورتە ڕۆمانی (بەهاری ڕەش) ی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل دا - ئەنفالی سێ یەم

ئازاد محەمەد سەعید

بەشی كوردی، كۆلێژی پەروەردە، زانكۆی كۆیە، هەرێمی كوردستان – عێراق

| Article Info | |
| --- | --- |
| Received: | September, 2023 |
| Revised: | February, 2024 |
| Accepted: | March, 2024 |

**Keywords**

ئەنفال، گەرمیان، بەهاری ڕەش، شوێنكات، ڕاگواستن

**Corresponding Author**

Azad.mohammed@koyauniversity.org

**پوختە:**

شوێنكات ئەو زاراوە لێكدراوەیە لە شوێن وكات پێكدێت، كە لە بۆتەی چەمكێكی دیكەدا یەكدەگرنەوە. كورتە ڕۆمانی "بەهاری ڕەش"ی "ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل" كە ناونیشانی ئەم لێكۆڵینەوەیە، ئازار ومەینەتییەكانی ئەنفالی سێیەی كۆی هەشت ئەنفالەكەی ساڵانی هەشتاكانی سەدەی ڕابردوومان بۆ دەگێڕێتەوە. پرۆسەی بەدناوی ئەنفالەكان كەلە شەوی٢٣/٢٢ی ٤ / ساڵی ١٩٨٨ز لە دۆڵی جافایەتی دەستی پێكردوو لە ١٩٨٨/٩/٦لە بادینان كۆتایی هات، نوسەری ئەم كورتە ڕۆمانە زیاتر جەخت لە دەڤەرێكی گرنگ و فراوانی باشوری كوردستان دەكاتەوە كە لە ١٩٨٨/٤/١٤ بە ڕۆژی ئەنفال لەلایەن حكومەتی هەرێمی كوردستان ئەژماركراوە كە تیایدا لە شەو ورۆژێكدا چل هەزار مرۆڤی كورد بێ سەرو شوێن وشەهید و زیندەبەچاڵكراون، ئەگەر بە وردەكاری ئازار و نەهامەتییەكانی ئەو ئەنفالەدا بچینەوە، گێڕانەوەی لەتوانای مرۆڤ بەدەرە، چونكە هەر مرۆڤێك لەو چل هەزارە دەتوانرێ بەتەنها لاپەڕەكانی ئەم توێژینەوەیەی پێ پڕ بكەینەوە، كات گەلێكە و شوێن گەلێكە و ڕووداو زۆرن، بەڵام شاراوەن، ئەگەر لم و خۆڵ و ئاسمانی ئەو دەڤەرە بدوێنین ئینجا دەتوانین قێژە و هاواری ئەم قوربانیانە بنوسینەوە. ئەم لێكۆڵینەوەیە كورتە ڕۆمانی (بەهاری ڕەش) زامی گەرمیانییەكان وباشوری كوردستانە، بەگەورەترین ئەنفالی كۆی هەشت ئەنفالەكە دادەنرێت، كەتیایدا زۆرترین مرۆڤی كورد بوونە قوربانی سیاسەتی هەڵەی ڕژێمێك بەدرێژایی كاتی فەرمانڕەوایەتی غەدر وزوڵمی لەمیللەتێكی بێ پشت وپەنا كردووە، جارێك بەچەكی قورسی قەدەغەكراو وجارێكی دیكە بەچەكی كیمیایی و جارێكی دیكە بەزیندەبەچاڵ كردنیان لە بیابانی عەرعەر و نوگرە سەلماندا. ئەم توێژینەوەیە لە پێشەكییەك ودوو بەش پێك دێت، لەبەشی یەكەم تەوەرەی یەكەمدا زاراوە و پێناسە و چەمكی هەریەك لە شوێن و كات باسكراوە، لەتەوەرەی دووەمدا شوێنكات لە ڕووی تیۆرییەوە خراوەتە ڕوو. لە بەشی دووەم ولە تەوەرەی یەكەمدا ئەنفال لە نێوان سورەتێكی قورئانی پیرۆز و ڕەشبكوژی دەڤەری گەرمیاندا خراوەتە ڕوو، لە تەوەرەی دووەمدا، شوێنكات لە كورتە ڕۆمانەكەدا لە شێوەی پراكتیك لە كورتە ڕۆمانەكەدا جێ بەجێ كراوە.

## پێشەكی:

شوێنكات لە شوێن وكاتی كورتە ڕۆمانی "بەهاری ڕەش"ی "ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل"دا كە ناونیشانی لێكۆڵینەوەكەیە، ئەنفالی سێیەمی نجیرەی هەشت ئەنفالەكانی ڕژێمی لەناوچووە، بەرامبەر بەنەتەوەی كورد، هەروەها ئەم پرۆسە سەربازییە كە تیایدا لە شەو ورۆژێكدا چل هەزار مرۆڤی كورد كوژراو وزیندەبەچاڵكراون، لەكات وساتی خۆیدا بڵاو نەكراوەتەوە، هۆكارەكەی دەگەڕێتەوە بۆ دڕندەیی ڕژێمی لەناوچوو، لەم كاتەدا كەس جورئەتی نەكردووە كەوا بە وشەیەك باسی ئەم ڕووداوە تراجیدیایە بكات. لە هەمووی كارەساتتر ئەوەیە ئایەتەكانی بەشی هەشتەمی سورەتی ئەنفال لە قورئانی پیرۆزدا لەسەر گەلێكی موسڵمان جێ بەجێ دەكات، لە ڕاستیدا ئەم سورەتەی قورئانی پیرۆز بۆ دابەشكردنی دەستكەوتی شەڕە لەدژی كافرەكان. دیارە كورتە ڕۆمان وەكو ژانرێكی ئەدەبی بە چیرۆكی درێژ ونۆڤلێتیش لە ئەدەبی كوردیدا ناوزەد دەكرێت. شوێنكات ئەو دوو وشە لێكدراوەیە كە دوو ڕەگەزی گرنگی چیرۆك وڕۆمانن، كە ئەوانیش كات وشوێن، ئەم دوو وشە لێكدراوە چۆن لە نوسیندا لێكگرێدراون، بەهەمان شێوە لە ئەرزی واقیعدا وابەستەی یەكترن، دووانەیەكن لەیەكتر جیا نابنەوە، لە فەزایەكی فراوانی بێ سنوور وچوارچێوەدا. شوێنكات ڕووداوێكە لە شوێن وكاتێكی دیاریكراودا دەست پێدەكات وكۆتایی دێت. ئەم دوو وشە لێكدراوە چۆن لە نوسیندا لێكگرێدراون، بەهەمان شێوە لەسەر ئەرزی واقیعدا وابەستەی یەكتر دەبن، شوێن وابەستەی كاتە وبە هەمان شێوە كات وابەستەی شوێنە، دووانەیەكن لەیەكتر جیا نابنەوە.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە.** ئەم بابەتە لە چوارچێوەی نەتەوایەتی وکۆمەڵایەتی وسیاسی کوردیدا گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، لەنێو توێژینەوە ئەکادیمییەکاندا زۆر جێگەی بایەخە و کاری کەم لەسەر کراوە، فەزای شوێنکات کەمتر توێژینەوەی لەسەر کراوە، ئەم کارەساتە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە دووبارە نەبێتەوە، نەوەکانی دوای ئەنفالی لێئاگادار بکرێتەوە، بۆیە ئێمە لەسەر ئەم بابەتە توێژینەوەکەمان ئەنجامداوە.

**ڕێبازی توێژینەوەکە.** لەم توێژینەوەیەدا سوودمان لە میتۆدەکانی وەسفی- شیکاری و میتۆدی مێژوویی وەرگرتووە.

**ئامانجی توێژینەوەکە.**.ئامانجمانە ڕادەی کاریگەریی ئەنفال لە دڵ و دەروونی تاکی کورد بە زیندوویی بهێڵینەوە لەڕێگای کورتە ڕۆمانی "بەهاری ڕەش" نوسەر "ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل"دا.

**بەشەکانی توێژینەوەکە.** ئەم توێژینەوەیە لە پوختە و پێشەکی و دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە.بەشی یەکەم: چەمك و پێناسە و زاراوەی شوێنکاتمان لەم ڕوویەوە خستووە تەڕوو. بەشی دووەم: پراکتیکییە و لەم بەشەدا، کورتە ڕۆمانەکەمان لەڕووی بنیاتی شوێنکاتەوە خستووەتە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەوە.

## بەشی یەکەم:

### تەوەری یەکەم: ئەنفال لە نێوان سورەتێکی قورئانی پیرۆز وڕەشبکوژی لەدەڤەری گەرمیاندا وەک قۆناغی سێ یەمی ئەنفال

پرۆسەی ئەنفال دڕندەترین پەلاماری ڕژێمی پێشووی لەناوچووی عێراقە، کە لە شوباتی ساڵی ١٩٨٨ خۆی لەهەشت قۆناغدا دەبینێتەوە: "قۆناغی یەکەم: گەمارۆدانی سەرگەڵوو – بەرگەڵوو لە ٢٣ ی شوبات-١٩ مارتی ١٩٨٨"( موفقي زادە ،١٩٩٩، ١٨٩) بە ئەنفالی یەکەم ناسراوە، بە هێرشی یەک مانگە بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی سەرکردایەتی ی.ن.ک "ئەنفالی دووەم: قەرەداخ ٢٢ی مارت -١ ی نیسانی "(موفقي زادە، ١٩٩٩، ٢٢١)..."ئەنفالی سێهەم: گەرمیان ٧-٢٠ نیسان ١٩٨٨"(جینۆساید لە عێراق، ١٩٩٩، ٢٤١)...بە گەورەترین ئەنفال دادەنرێت، کەتیایدا زۆرترین ژمارەی مرۆڤ بوونە قوربانی، هەروەها ٤/١٤ بە ڕۆژی ئەنفال دانراوە، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە."ئەنفالی چوارەم: دۆڵی زێی بچووک ٣ – ٨مایسی ١٩٨٨"( موفقي زادە، ١٩٩٩، ٣٠٣)..."ئەنفالی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم: دۆڵی نێو چیاکانی شەقڵاوە و ڕەواندز ١٥ ی مایس -٢٦ ی ئابی ١٩٨٨""( موفقي زادە، ١٩٩٩، ٣٩٩)..."ئەنفالی کۆتایی: بادینان ١٥ ی مایس- ٢٥ ی ئاب – ٦ی ئیلولی ١٩٨٨"( موفقي زادە، ١٩٩٩، ٣٤٧)هەشت قۆناغەکانی ئەنفال لە ساڵی ١٩٨٨ لەلایەن ڕژێمی لەناوچووی عێراقەوە ئەنجام درا. "گەرمیان واتە وڵاتی گەرم، هەردەو دەشتێکی پان و بەرینە لەبەشی هەرە باشووری سۆرانی زمانی کوردستانی عێراقداو هاوسنووری ناوچەکانی عەرەب نشینی عێراقە، سنووری ئەم ناوچەیە لە ڕۆژئاواوە شارێی نێوان شاری پڕ نەوتی کەرکووک و شارۆچکەی توزخورماتووە، لە باکورەوە ڕێگای کەرکووک – چەمچەماڵ، لە لای ڕۆژهەڵاتەوە چیاکانی قەرەداخ و لە باشووریشەوە هەرسێ شارۆچکەی کەلار و کفری و پێبازە"( موفقي زادە ، ١٩٩٩، ٣٠٣) بەمجۆرە کۆی گشتی قوربانییەکانی گشت ئەنفالەکان برتییە لە سەد و هەشتاو دوو هەزار مرۆڤ و چوار هەزارو پێنج سەد گوندیش خاپورکران، ئەم پرۆسەیە بەیەکێک لە گەورەترین تاوانەکانی سەدەی بیستەم لەقەڵەم دەدرێت لە مێژووی ناوچەکەو لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

شوێن: گەرمیانە کات: بەهاری ساڵی ١٩٨٨ز، ڕووداو: ئەنفالە، کەسێتی: چل هەزار مرۆڤی ئەنفالکراوی کوردی گەرمیانە، تەنها لە ئەنفالی سێیەمدا. کات و شوێن بە دوو لەرەگەزە بنەڕەتییەکانی چیرۆک و ڕۆمان دادەنرێن، بەهاری ڕەش ناونیشانی ئەو کورتە ڕۆمانەیە کە نوسەر لە ئەنجامی ئەو ڕەش بکوژییەی کۆتایی سەدەی بیستەم کە بە ئایەتێک لە سورەتی ئەنفالی قورئانی پیرۆزدا هاتووە (يسئلونك عن الانفال قل الانفال لله والرسول فاتقوا اللة واصلحوا ذات بينكم واطيعوا اللة ورسوله ان كنتم مؤمنين)(قرآن الكريم، جزء ٩، الاية ١، ص١٧٧) لە تەفسیری قورئانی پیرۆزدا سورەتی ئەنفال لەدوای شەڕی بەدر خودای گەورە بۆ پێغەمبەر(د.خ) ناردە خوارەوە. "ئەنفال وشەیەکی عەرەبییە کۆی (نفل)ە بەواتای دەستکەوت دێت"(المنجد، ص ٨٢٨) بە شێویەکی گشتی ئەنفال لە دوو ڕووەوە سەیر دەکرێت یەکیان بە واتای دەستکەوت (غنیمة) کە لەپێش هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا عەرەبەکان زاراوەی (ئەنفال) یان بەواتای تاڵانی جەنگ بەکار دەهێنا، مەبەستیش لە جەنگ شەڕکردن وشکاندنی دوژمن وگرتنی دیل ودەستبەسەرداگرتنی سامان ومال بوو.هەروەها ئەنفال واتای زیادەو دەستکەوت دەگەیەنێت، کە ئەمیش وا پێناسە دەکرێت، ئەو ماڵ وسامانەی بەشەڕ لە بێباوەڕ دەسەندرێت، لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە ئایا نەتەوەی کورد بێ باوەڕ بوون؟ یان خاوەنی دەیان زانای ئاینی کورد وخاوەنی سەدان مزگەوت ومەدرەسەی ئاینیی بوون، بەڵام بەشێکی زۆری لەم مزگەوتانە تێکرا لەکاتی ئەنفالەکاندا بە قورئانی پیرۆزیشەوە سوتێنران. "ئەنفال ناوی سوورەتی هەشتەمی قورئانی پیرۆزە، زۆربەی ئایەتەکانی باس لە شەڕو جیهاد دژی موشریکەکان وبێ باوەڕەکانی قورەیش دەکات. خودای گەورە بە پێغەمبەر دەڵێت: پێیان بڵێ ئەنفال کاری خودا وپێغەمبەرە، ترسی خوداتان هەبێت وکاروباری نێوان خۆتان چاک بکەن وملکەچی فەرمانەکانی خوداو پێغەمبەر بن، ئەگەر بڕوادارن... هەروەها لە ئایەتی ٤١ لە هەمان سوورەتدا خودای مەزن باس لە جۆری دابەشکردنی دەستکەوتەکان "غنائم" دەکات لەدوای شەڕدا لەگەڵ بێ باوەڕەکان وبت پەرستاندا دەستیان دەکەوێت"(جزء ٩، الاية ٤١، ص١٨١)، لە ڕاستیدا بەکارهێنانی سوورەتێک لە قورئانی پیرۆزدا لەلایەن ڕژێمی لەناوچوو بۆ نەتەوەی کوردی بێ پشت وپەنا لەواقیعدا کارێکی شیاو نییە هاوتا بکرێت بە بت پەرست وبێ بڕوا، لەکاتێکدا نەتەوەی کورد هیچ کاتێک پشتی لە قورئان ومزگەوت وئاینیی پیرۆزی ئیسلام نەکردووە، بگرە خوێنیشی لەپێناو بەخشیوە، بەلایەنی کەمەوە ولاتانی ئیسلامی سەرەکۆنەو نارەزاییی ئەو پرۆسە نەگریسەیان لەکاتی خۆیدا نەکرد، بەڵام هەندێکیان بێدەنگیان هەڵبژارد وهەندێکیشیان زۆر بێ شەرمانە پشتیوانیان لێکرد، پرۆسەی ئەنفال بەهەشت قۆناغ بەڕێوەچوو، ئەنفالی دۆڵی جافایەتی، قەرەداغ وزێی بچووک ودەشتی کۆیە وگەرمیان وحەوزی سۆران وخۆشناوەتی وبادینان، ئەگەر چی پرۆسەی ئەنفال تا ئێستا لەلایەن شۆڤینییەکانەوە بەردەوامە نوێترینیان کۆمەڵکوژییەکەی ٨/٣ /٢٠١٤ ئێزیدییەکان لە شەنگال بوو، تا ئێستا قوربانییەکان وکەس وکاریان پێیەوە دەناڵێنن.

### تەوەرەی دووەم:

#### ١-زاراوەو چەمک وپێناسەی شوێن وکات وشوێنکات لە ڕووی تیۆرییەوە

شوێن وکات وەکو دوو ڕەگەزی گرینگی چیرۆک ورۆمانن. ڕەگەزی کات وەکو پێوەرێکی ژمارەیی ڕێک وزنجیرەیی بەشێوەکی بەردەوام گەردوون ومرۆڤایەتی گەمارۆداوە. کاتژمێر پێوەرێکی جیهانییە لە چرکەو خولەک وکاژێر پێکدێت، ئەگەر لەسەر زەوی بێت یان لەسەر هەر هەسارەیێک بێت

هەمان پێوەرە کە بە چرکە وخولەک وکاژێر دەپێورێت، کەواتە بەپێی گۆڕانی شوێنەکان کات هەر وەکو خۆیەتی. شوێن وەکو ڕەگەزێکی بنەڕەتی چیرۆک ورۆمان، ئەو پانتاییەیە کە لەڕێی کەسێتییەکانەوە جلەوی ڕووداوەکان لەشوێنێکی دیاریکراودا بەرەو پێش دەبەن، ئەو ڕووداو وکەسێتییانە ئەگەر خەیاڵی بن یان دەرئاسا بن، هەر دەبێت لەشوێنێکدا ئەگەر خیاڵیش بێت، ڕوودەدەن.

**ا- شوێن:**

شوێن بە یەکێك لە ڕەگەزە گرنگەکانی ڕۆمان ئەژمار دەکرێت، بەهاتنەکایەی تیۆر و پەرەسەندنی لایەنی هونەری ڕۆمان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئەگەر بگەڕێینەوە پێش سەدەی نۆزدەهەم نووسەران بە زۆری گرنگیان بە وەسفکردنی شوێن دەدا لە دوای دەرکەوتنی تەکنیك وهونەرەکانی گێڕانەوە، ئەمانە جێگایان بە وەسفکردن لەقکرد. شوێن بریتییە لەو چوارچێوە یان ئەو گۆڕەپانە یان ئەو پانتاییە جوگرافییە، کە ڕووداوەکان لەڕێی کەسێتییەکانەوە تیایدا هەڵدەسوڕێندرێن لە کاتێکی دیاریکراودا، هەروەها شوێن چوارچێوەیەکیشە بۆ کۆکردنەوەی ڕەگەزەکانی چیرۆک ورۆمان، کەسێتیی، ڕووداو، کات، یان شوێنی دەرئاسا یان سەرو سروشت جگە لە سێ دووریەکە دووریەکی دیکەشی هەیە ئەویش کاتە. لە نموونەی شوێندا، بیابان و گۆڕستان و شوێنە دوورە دەستەکان. "لەبارەی گرنگی شوێنەوە، "میشێل بوتور"پێیوایە کە لە بنەڕەتدا "خوێندنەوەی ڕۆمان گەشتێکە بە جیهانێکدا، جیاوازە لەو جیهانەی کە خوێنەر تێیدا دەژی، هەر لەیەکەم چرکەوە کە خوێنەر کتێبەکە دەکاتەوە." (سەعید، ٢٠١٣، ٣٠٦) ڕۆماننووس جیهانێك دەکاتە گۆڕەپانی ڕووداوەکان کە خوێنەر بەلایەوە جیهانێکی تر وژینگەیەکی ترە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ پەلکێشکردن و بەردەوامبوونی خوێنەر. جگە لەمە "لە گێڕانەوەدا شوێن لە هەر دەقێکدا سیمانتیکی تایبەتی خۆی هەیە، شوێن مەودایەکە بۆشایی نییە بەڵکو پڕە لە بوونەوەر وشت لە ڕاستیدا ناتوانین شوێنێك وێنا بکەین کە بە ڕاستی بوونی نییە، شتەکان بەشێکن لە شوێن وجیانابنەوە لێی، بەڵکو لە هەندێ ڕەهەندەوە لە ڕێگای دۆزینەوە دەلالاتەوە هەڵهێنجاندنی واتای بۆ دەکرێت" (ذیاب، ٢٠١٥: ٢٩١) سیمانتیك لە گێڕانەوەدا لە شوێن ڕۆڵی خۆی هەیە، نووسەر پێی وایە کە شوێن ئەو مەودایەیە کە بەتاڵ نییە، بەڵکو پڕە لە بوونەوەر و شتی دیکە، لە ڕاستیدا ناتوانین وێنای شوێنێك بکەین کە شوێنەکە نامۆ بێت لە واقیعدا. شوێنەکان وەکو چوارچێوەی جوگرافی شوێنی واقیعین لە ناو شوێنە واقیعییە ناسراوەکاندا شوێنە خەیاڵییەکان بونیان هەیە، هەروەکو لە بەشێك لە چیرۆك و ڕۆمانە کوردییەکاندا هەیە، لێرەدا شوێنێکی ئەبستراکتی جوگرافی لە ڕۆمانی تەقلیدیدا بۆی هەیە لەو چوارچێوەیەدا ڕووداوێك ڕووبدات و تێپەڕێت، بەڵام لە شوێنێك و ژینگەیەکی خەیاڵییدا کە ئەبستراکت نییە، شوێن ئەو پێگەیەی نامێنێت، چونکە ڕووداو لە بۆشاییدا ڕوونادات کەواتە دەبێتە شوێنێکی خەیاڵیی. "سەبارەت بە ئاماژەکردنیش بە شوێن لە ڕۆماندا دەبێت ئاگاداری ئەوە بین زۆربەی جار ڕۆماننووس بەبێ مەبەست ئاماژە بەشوێن ناکات، بەڵکو مەبەستێکی تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە دەبێت ئەو شوێنانەی کە ڕووداویان تێدا ڕوودەدات لەگەڵ سروشت ومەزاجی کارەکتەرەکان بگونجێ، "چونکە ژینگەی وەسفکراو کاریگەری لەسەر کارەکتەر هەیە. وەسفکردنی ژینگە، وەسفکردنی داهاتووی کارەکتەرە" (عوسمان، ٢٠١٠، ٤٩) نووسەری ڕۆمان کاتێك ئاماژە بە شوێنێك دەدات مەبەستگەلێکی خۆی لەپشتەوە هەیە گونجاندنی شوێن وکەسێتیی وگونجاندنی شوێنکات، گونجاندنی شوێن لەگەڵ ڕووداوەکەدا، هیچ کاتێک شوێنی خەیاڵی وەکو کاولە خانوو، کوخ، کونج، بۆ کەسێتیی واقیعی و ڕووداوی واقیعی ناشێت، ئەو شوێنە ڕاست وڕاست بەناو وناوبانگ ورابردووی خۆیەوە نامەزرێندرێت، چونکە لەوانەیە کەسانێك لە زراندنی ناوی شوێنەکە ئەگەر پەیوەندی بە ئایدیۆلۆجیاوە یان پەیوەندی بە ئایینەوە هەبێت لەخۆشەویستی شوێنەکە پرچەکردایان لا دروست دەبێت لەو حاڵەتەدا نووسەر توشی ڕووبەڕووبوونەوە دەبێت لەکاتی زراندنی ناوی شوێنەکە، لەوانەیە ژیانی بکەوێتە مەترسییەوە.

گاستۆن باشلار دەڵێت: "شوێن کە بەرەو خەیاڵ دەچێت، ناتوانێت وەکو شوێنێکی پەراوێزخراو خاوەن بنەما ئەندازەییەکان بێت، بەڵکو دەبێت بە شوێنێك کە مرۆڤ تێدا ژیاوە، بەڵام بە شێوەیەکی نائاساییی یان پراوپڕ لە خەیاڵ، سەرنجی ئێمە بۆخۆی کێش دەکات، چونکە خۆی لە خۆیدا شوێن چڕییەکە لە بوون لەوانەیە ئەم شوێنە ماڵێك بێت، بەڵام بەردەوام ڕەمز ونموونەی هێمنی وخۆشی نییە، بۆ نموونە گەرماو شوێنی شەیتان وجنۆکەیە، بەندیخانە شوێنی دوورخستنەوەو دەستەمۆ کردن و شوێنی ئازاردانی جەستە ودەروونە، هەروەها قەبر ومردن دەتوانی قسەی خۆتی تێدا بکەی"بن دلبە جلول،٢٠١٢ : ٣٦-٣٧). واتە بەلای گاستۆن باشلارەوە شوێنی خەیاڵی ئەو شوێنە پەراوێزخراوە خاوەن بنەمای ئەندازەییە نییە کە مرۆڤ تیایدا بە شێوەیەکی ئاسایی تەراتێن دەکات، شوێنی خەیاڵی ئەو شوێنەیە کە پێشتر مرۆڤی تیادا ژیاوە وپراوپڕە لە خەیاڵ، کە سەرنجی ئێمە بۆخۆی کێش دەکات بە هۆی بیرەوەرییەکان وخەیاڵەوە، لە نموونەی شوێنی خەیاڵی کاولە خانوو و گەرماو کە جنۆکەی لێیە، قەبر و مردن.

"شوێن زیاتر لە میانەی وەسفکردنەوە دەردەکەوێت، وەسفکردنی شوێن و پێکهاتەکانی بە درێژەی وەسفی کەسەکان دادەنرێت، کە ئەم وەسفەیش بۆ چەند ئەرکێکە وەك: " ڕاڤە کردن و جوانکاری و زانیاری بەخشین" (حەمە مەنتك، ٢٠٠٠-٢٠١٠، ١٥٢) ئەرکی وەسف یان دەرخستنی جوانی ونهێنییەکانە یان شرۆڤەکردنی بابەتە خوازراوەکەیە بۆئەوەی خوێنەر بەلارێدا نەبات، یان لە ڕێگای شرۆڤەکردنەوە شوێنەکە دەگونجێنی لەگەڵ کەسێتییەکاندا بەیەکەوە ژینگەیەك دروست دەکەن وا لە خوێنەر یان بینەر یان بیسەر دەکەن، کە ئەوەی دەیبینێت یان دەیخوێنێتەوە یان دەیبیستێت باوەڕی پێبکات کە ڕاستە. گرنگیی شوێن ئەو کاتە دەردەکەوێت کە ڕووداوێکی تیادا ڕوودەدات، جۆری ڕووداوەکە سروشتی بێت یان دەستکرد، کاریگەری خۆی هەیە لەسەر شوێندا. (رینیە ویلك و ئوستن وارین) پێیان وایە کە وەسفی شوێن دەبێت: "بە شێوەیەکی خوازراو گوزارشت لە کارەکتەر بکات، چونکە ماڵی مرۆڤ درێژکراوەی مرۆڤ خۆیەتی، ئەگەر وەسفی ماڵەکەیت کرد، ئەوا وەسف خۆیتکردووە" (سەعید، ٢٠٠٩، ١٤٦) واتە دەبێت شوێن گوزارشت لە کەسێتییەکان بکات بە شێوەیەکی خوازراو، چونکە زۆرجار شوێن ڕۆڵی کارەکتەر دەبینێت، بگرە ڕۆڵی کارەکتەری سەرەکی دەبینێت."شوێن کە توێژەران بە"ئەو ژینگە خەیاڵییەی تێیدا ڕووداوەکانی ڕۆمان ڕوودەدەن" (سەعید، ٢٠٠٩، ٤٠) شوێن ئەو ژینگە خەیاڵییەیە کە تیایدا ڕووداوەکان بە هۆی کەسێتییەکانەوە پەرەدەسێنن، خۆشیان لە ڕێگای وەسفەوە دەردەکەون. شوێنی جەستەی یەکێکە لە جۆرەکانی شوێن دەکرێ سوودی لێببیندرێت، چونکە شوێنە جەستە بەتایبەتی لە کەسێتیی گۆڕاودا یەکێك لە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ ئەکتیڤ دەبێت یان لە ڕووی دەرکەوتنەوە جوانە، سەرنجی بەرامبەرەکەی ڕادەکێشێت جیا لە ئەندامەکانی دیکەی جەستەی."مەبەست لە ئەندامە شوێن، ئەو شوێنەی جەستەیە، کە دەبێتە مەیدانی سەرەکی دەقەکە، یان جێگەیەکی فراوان لە پانتایی دەقەکەدا داگیر دەکات"(ئیسماعیل ،٢٠٠٥، ٥٨) لە کورتە ڕۆمانی"بەهاری ڕەش"دا شوێنی جەستەیی بەرچاو دەکەوێت.

**ب- کات وەکو ڕەگەزێکی گرنگ:**

کات یەکێکە لە ڕەگەزەکانی چیرۆک ورۆمان. کات لە ئەدەبی عەرەبیدا بە " الزمن" کات، یان دەمی گێڕانەوە لە ئەدەبی کوردیدا بریتییە لە کاتی فیزیکی وکاتی دەروونی، هەروەها کاتی ڕابردوو، ئێستا داهاتوو، کات لە چرکەیەک کە دەکرێتە دە بەشی لەخۆی بچوکتر"عشر الثانیة" دەست پێدەکات تا خولەک، کە شەست چرکەیە، کاژێر، کە شەست خولەکە، شەو ورۆژێک، کە بیست وچوار کاژێرە، ئەو کاتەی کە بە چرکەو خولەک بەشێوەیەکی زنجیرەیی بەبێ پچڕان بەردەوام دەبێت، ئەوە کاتی فیزیکییە وکە تێپەڕ بوو گەڕانەوەی بۆ نییە هەروەکو میلی کاتژمێر بۆ دواوە ناگەڕێتەوە، ئەم جۆرە کاتە فیزیکییە بە شێوەیەکی ڕەها خزمەت بە مەتنی چیرۆک ورۆمان ناکات، بەڵام کاتی دەروونی زیاتر لە چیرۆک و ڕۆماندا بەرجەستە دەبێت، ئەوکاتانەی کە لە خزمەتی مەتنی چیرۆک ورۆماندایە ئاماژەی پێدەکرێت وگونجاوە بۆ چیرۆک ورۆمان، وەکو مۆنۆلۆگ و فلاش باک وپێشخەری.

کات بە شێوەی هێڵێکی ستونی بەسەر بەشەکانی چیرۆکدا تێپەر دەبێت، نووسەر بەمە پەیوەست نییە کەوا بڵێت، ڕووداوەکە لە بەیانی یان لە دوای نیوەڕۆ یان کاتژمێر ٦،٣٠ڕوویدا. بەڵکو کارەکە لەناو ڕووداوەکە ڕاستەوخۆ کاتەکە دەستنیشاندەکات، بۆ نموونە: دەڵێ: ((منداڵەکە لەگەڵ باوکی دەژیا، دواتر مامی گرتییە خۆی)) کات بە گشتی لە کاتی فیزیکی وکاتی دەروونی پێك دێت. هەر ڕووداوێك کەڕووی دابێ ودرێژەشی هەبێ لەم سێ کاتە تێپەڕناکات (ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو).

"کاتی دەروونی یان کاتی (ناوەکیی شاراوە) هەروەکو (هانز میرهۆف) دیاری کردووە بەکاتی دەروونی یان زەینی ئەوکاتەیە ملکەچی هیچ جۆرە، پێوانەیەکی دەرەکی [فیزیاوی] یان بابەتی نییە! ئەوکاتەیە کەتێکەڵاوی ڕووداوەکانی ژیانی مرۆڤ بووە"(جنداری، بدون سنە، ص ٥٤-٥٥)

هەروەها کاتی دەروونی بریتیە لەو کاتانەی کە مرۆڤ لە ناخەوەی خۆیدا یادگارییەکان وپێشخراوەکان شی دەکاتەوە، گرێیەکانی لە کاتی ناخۆشی وکارەساتەکاندا تاوتوێ دەکات بێ ئەوەی بیبانخاتە ڕوو، یان کەسێکیان لێ ئاگادار بکاتەوە، کە تەنها لە ڕێگای تاکگوتاری ناوەوە (مونۆلۆگی ناوەوە) دەتوانێت دەریان ببڕێت، یان لای کەسێکی نزیکیدا بیدرکێنێت.

کاتی دەروونی لای خوێنەر مەبەستە بۆ ئەوەی لە ناخی کەسایەتییەکەی ناو چیرۆکە کە بگات وشۆڕ بێتەوە بۆ ناو ناخی شاراوەی کەسایەتییەکەو زانین ولیکۆڵینەوەی هۆی ڕاستەقینەی گرێی ڕووداوەکە، لەڕووداودا دەتواندرێ لێکۆڵینەوە لەسەر کات بکرێت.

**٢- شوێنکات**

**کرۆنۆتۆپ، زمکان، شوێنکات :** "Chronotope Spase & Time "

**٢- زاراوە وپێناسە وچەمکی شوێنکات لە ڕووی تیۆرییەوە**

شوێنکات: لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی (زمکان) بەکاردێت واتا ئاوێتەی دوو وشەی لێکدراوی عەرەبییە، (الزمن والمکان) لە زمانی ئینگلیزیدا (کرۆنۆتۆپ) بەکاردێت. شوێنکات لەئەدەبی کوردیدا بەکاردێت،"لە ڕوانگەی (میخایل باختین)ەوە شوێن و کات نەک لەیەکتری جیاناکرێنەوە، بەڵکو تەواوکەری یەکتریشن، بۆیە زاراوەی لێکدراوی(Chrinotop)ی بۆ بەکارهێناون، کە واتای شوێنکات دەگەیەنن، ئەم زاراوەیە پێکهاتووە لە... ان (chrono) کە مانای کاتە و (top) کە بەشێکە لە وشەی (topography) بە مانای وێنەکێشانی وردی شوێن، یان تایبەتمەندییە ڕووە گەشەکانی دەگەیەنێت" (ڕەئوف، ٢٠١٢، ٢٣) شوێنکات وابەستەکردنێکی ڕوحی کات وشوێنە، کات ئەو پێوەرەیە کە گۆڕانکارییەکانی ناو شوێن ئەژمار دەکات."هەروەکو (کۆلریج) ئاماژەی بۆ دەکات. لە ڕووی سایکۆلۆجییەوە، ئەو وێناکردنەیە سەبارەت بەکات هەمانە، هەمیشە بە وێناکردنی شوێنەوە پەیوەستە"(وات، و: فارسی پایندە، و. کوردی: کەریم ٢٠٠٣، ٣٨) وابەستەکردنی کاتە بەشوێن هەروەها وابەستەکردنی شوێنە بەکات. "لەبەر ئەوەی (بونیاد) ی وەستاو زۆر کەم نەبێت لە کۆمەڵگەدا بەرچاو ناکەوێت، بەڵکو پرۆسەی دروستبوونی بونیادەکان لەناو کۆمەڵگەدا لە ئارادایە، لەبەر ئەوە ناتواندرێت لە دەرەوەی شوێنکات لە خودی بونیادێک بگەین، بەڵکو دەبێت لەمیانەی جوڵەو پەرەسەندنییەوە لەناو بارو دۆخێکی دیاریکراوی شوێنکاتدا تێی بگەین"(یاسین، ١٩٩٩، ١٥) لە میتۆدی (لوسیان گۆڵدماندا) شوێنکات پێگەیەکی جوڵاوی هەیە بەپێچەوانەی بۆچوونی بونیادگەرە شێوازخوازەکان، کە بەشێوەیەکی وەستاو ونەگۆڕ سەیری بونیاد دەکەن. لەتیۆری ڕێژەییدا گەردوون یان هەر مەتریاڵێک لە واقیعدا بە سێ دووری دەپێورێت (درێژی و پانی و بەرزی) لە فەزای شوێنکاتدا دووری چوارەم دێتە پێشەوە ئەویش کاتە کە بەدەست ناگیرێت. لە پێناسەیەکی دیکەدا"شوێنکات بریتییە لە بەیەکگەیشتنی کات وشوێن"(ڕەئوف،٢٠١٢، ٢٦) کات بەگشتی فیزیکی بێت یان کاتی دەروونی لە شوێنێکدا تۆمار دەکرێت، یان هەڵوەستەی لەسەر دەکرێت، بۆ ئەوەی بە زیندوویی بمێنێتەوە، یان وێنەی لەیادگەی مرۆڤدا بمێنێتەوە بۆ مەبەستی جیا جیا.

شوێنکات ئەو چەمکە لەسەدەی بیست لەلایەن (میخایل باختینەوە) بەم شێوەیە خرایە ڕوو "پەیوەندییەکی ڕۆحی لە نێوان شوێن وکاتدا هەیە لە ئەدەبدا بەشێوەیەکی هونەری بەکارهاتووە، وەکو زاراوەی شوێنکاتە ئەو زاراوەیە لە زانستی فیزیا و بیرکارییەوە خوازراوە." (علاوی، ٢٠١٣، ٣٠١) لە زانستی بیرکاری و فیزیادا سروشت و کات ڕۆڵ دەبینن، ئەو ڕووداوانەی یان ئەو گۆڕانەی لە سروشدا ڕوودەدەن، شایانی ورژاندن و سەرنج بن! لەیادگەی مرۆڤدا دەمێننەوە. ئەم پەیوەندییە ڕۆحییەی نێوان کات و شوێن لە ئەدەبدا سودی زۆری لێ بینراوە! کە زیاتر ناسینەوەی کاتە بەهۆی شوێنەوە، یان ناسینەوەی شوێنە بەهۆی کاتەوە."شوێنکات بریتییە لە چەقێک (محوەرێک)، بۆ ئەوەی هێزی خەیاڵ بخاتە ڕوو، جگە لەمەش پێکهاتەیەکی وردە بۆ خستنە ڕووی توانای وێنەکردنی ئازارەکان و هەستکردن بە واقیع"(ڕەئوف، ٢٠١٢، ٢٦) وێناکردنی دیمەنی خۆش و بە ئازارەکان، لە شوێنکاتێکی سەرو سرووشتیدا چێژ و ئازار دەبەخشن. یەکگرتنەوەی توخمی کات و شوێن لە بۆتەی یەکەیەکی گەورەتر و ناسراوتر کە ئاوێتەی شوێنکاتە "سەرەتا تیۆرییەکەی ئیسحاق نیوتن کە دوو سەدەی خایاند، لە بەربوونەوەی سێو لە درەختەکەدا، هێزی کێشکردنی زەوی بۆ هەرتەنێک کە بە (درێژی و پانی و بەرزی) دەپێورێت، مرۆڤایەتی سەرقاڵکرد دواتر (هێرمان مینکۆ فسکی) لە شوێنکاتدا دووری چوارەمی دۆزییەوە کە وەهمە و دیارنییە و بەدەست ناگیرێت ئەویش کاتە، کەسێتییەکان لە ڕووداوەکاندا لە شوێنێك وکاتێکدا کە پەیوەندییەکی ڕۆحی بەیەکەوەیان گرێدەدات دەردەکەون لەبەر ئەوەی ڕووداو کە کەسێتییەکان هەڵیاندەسوڕێن لە بۆشاییدا ڕوونادات و ناتوانن هەڵسوکەوت بکەن، هەر دەبێت چوارچێوەیەك هەبێت کە خۆی لە شوێنێکدا دەدۆزێتەوە، تیایدا هەڵس و کەوت بکەن، ئەگەر واقیعی بێت یان فانتازی بێت، یان واقیعی فانتازی بێت. شعیب حلیفی لە کرۆنۆتۆپدا دەڵێت: "شوێنکات تایبەتمەندییەکی جیاوازی هەیە، کات ڕەهەندێکی لە فەزادا هەیە کە ئاسان نییە دیاریبکرێت، جارێك بە پشت بەستن بە بۆچونەکانی باختینەوە، جارێکی دیکە بە دەقە فانتازییەکان، کە تیایدا کات درێژ دەبێت و کورتدەبێتەوە بە پێی ئەوەی کە بنیاتێکی دینامیکی لە فەزادا هەیە" ( حلیفی، ٢٠٠٩، ١٨٢) ئاشکرایە کە فەزای کات فراوانتر وگشتگیرترە لە شوێن، فەزا مەودایەکی فراوانی بێ سنوورە، خەیاڵ و مەزندەکردنی تێدەکەوێت، هەروەها

شەوێکە نابێتە بەیانی، چوارچێوەیەکی سنورداری نییە، شوێنەکان لەیەك گرێ دەدات، هەندێك جار شوێنی واقیعی بە شوێنی خەیاڵی گرێدەدات. "شوێنکات بریتییە لە بەیەکگەیشتنی کات و شوێن"..." یاخود شوێنکات دیاریکردنی (Location) ێکە لەو جیهانەی کە خاوەن سێ ڕەهەندی پانی، درێژی، بەرزییە لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا"(ڕەئوف،٢٠١٢، ٢٦) بەیەک گەیشتنی کات و شوێن، لە ڕووداوێکدا، کە تیایدا کەسێتییەکان هەڵسوڕێنەریانن، لێرەدا شوێنکات بریتییە لەوڕووداوانەی کە لەکات و شوێنێکی دیاریکراو دەست پێدەکەن و کۆتاییان دێت.

## بەشی دووەم:

## تەوەرەی یەکەم: شوێن و کات لە کورتە ڕۆمانی بەهاری ڕەشدا

کورتە ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا بە چیرۆکی درێژ و نۆڤلێتیش ناوزەد دەکرێت، کورتە ڕۆمان بە مەزندە ژمارەی وشەکانی لە نێوان (١٠٠٠٠-١٢٠٠٠)وشەیە، دەکەوێتە نێوان کورتە چیرۆک ورۆمان، لەڕووی ژمارەی وشە و فۆرم و کاتی خایەنراوی خوێندنەوەی، خاوی و خێرایی لە گێڕانەوەدا چێژ دەبەخشێت و خوێنەری خۆی هەیە، لە نۆڤلێت نووسەکانی باشوری کوردستان: جەمیل سائب لەخەوما، شێرزاد حەسەن: حەسارو سەگەکانی باوکم، کودەتای کەروێشکەکان، خەونی جاڵجاڵۆکەکان، پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان، هەروەها حسێن عارف: شاڵاوی دڵ، گەلەگورگ، فەرهاد پیرباڵ: ملازم تەحسین و شتی تر، هیمداد حسێن: ماڵئاوا گوڵی خەم، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل: کورتە ڕۆمانی بەهاری ڕەش...هتد کە چەقی بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیە. ڕۆمانی "بەهاری ڕەش" ی نوسەر ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل لە چاپی ٢٠٠٣ دا نوسەر وێڕای ئەوەی کە ژمارەی لاپەڕەکانی ٩٧ ناوی ژانرەکە بە ڕۆمان دەهێنێت، کەچی لە چاپی ٢٠٠٧ دا لەدوای پێداچوونەوەی ژمارەی لاپەڕەکانی بووەتە ٨٥ لاپەڕە وهیچ ناوێکی لێ نەناوە، بەڕای ئێمە زیاتر بەلای کورتە ڕۆماندا دەچێت. بەهاری ڕەش سەربوردەی کارەساتێکی خوێناوی ودڕندەی کۆتایی سەدەی بیستەمی ڕژێمی لەناوچووی عێراقە، شوێن پانتاییەکی فراوانە لە باشوری کوردستاندا پێکهاتووە لە سنوری کەلار کفری قادر کەرم چەمچەماڵ وئاغجەلەر کە دەیان گوند وئاوایی لەخۆ دەگرێت، کە تەنها ناوی دوو گوند دەهێنین گوندی کولەجۆ وجەلەمۆرد. کاتی ئەنفالی گەورە ١٩٨٨/٤/١٤ کە بە ڕۆژی ئەنفال لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان تۆمارکراوەو هەموو ساڵێک یادی دەکرێتەوە، لەسەر ئاستی کوردستان و گەرمیان"بەهاری ڕەش کارەساتی هەرە ترسناکی کۆتایی سەدەی بیستەم وسەرەتای سەدەی بیست ویەکەمی مێژووی مرۆڤایەتییە، کە نزیک ٢٠٠هەزار قوربانی لێ کەوتەوە، بەبێ ئەوەی بزانن بکوژەکانیان چییان لێیان دەوێ، [و] لەسەر چی ولە پێناوی چیدا کۆمەڵکوژیان دەکەن."(ئیسماعیل، ٢٠٠٣، ٥) بەکۆمەڵ کوشتنی ژمارەیەکی زۆر لە هاو وڵاتیانی سڤیلی بێ گوناح برسی و تینو کردنیان و هەڕەشەکردن و ئازاردان و جیاکردنەوەی منداڵ لە دایک و جیاکردنەوەی پیاو لە ژن و منداڵ و بە بارمتە بردنی کچان و مامەڵە پێکردنیان و زیندەبەچاڵ کردنی بەشێکی زۆریان، هیچ یاسایەکی مرۆڤایەتی و هیچ ئایینێکی ئاسمانی ئەم کردەوە قێزەون و شەرمەزارە قبوڵ ناکات، ئەمە گێڕانەوەو حیکایەتی گوێ ئاگردان نییە، ئەمە کارەساتی بەدناوی ئەنفالە کە لە بەهاری ساڵی ١٩٨٨ دا لە کوردستانی باشور و بەتایبەتی لە دەڤەری گەرمیان بە شێوەیەکی واقیعی ڕوویاندا، کە تیایدا چل هەزار مرۆڤ ماڵەکانی خۆیان بەجێ هێشت، هەریەکە و بە شێوازێکی تراژیدی تۆقێنەر پەلکێشی دۆزەخ کران"بەهاری گەرمیان چون ساتە خۆشەکانی کورت وکەم تەمەنە، بەناو بەهارە وکەچی لەپێرەوە تەپوتۆزێکی دڵگوشێنەر هەڵی کردووە، خۆڵ دەبارێ، خۆڵێکی وردی کل ئاسا، خەنەیی و کەمێ سوورە خۆڵی ئەم گەرمیانە...سەرەڕای کورتییەکەشی ئەمساڵ بووەتە ئاگر و وا تەڕ و وشک لووش دەدات "(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٣١) بەهاری گەرمیان بەپێی هەڵکەوتەی جوگرافیای لە کوردستان زۆر کورت و کەم خایەنە، بەڵام ئەو ماوە کورت خایەنە ئەوەندە دڵفرێن و خۆشە تەنها گەرمیانییەکان دەتوانن بەهای ئەو چێژ و خۆشییە بزانن، لەگەڵ کورتی ماوەی بەهار، خۆڵبارانی ئەو ساڵە لەگەڵ ئەنفالەکە دەست پێدەکات، دەبێتە هۆکاری سەختتر بوونی ڕەشبکوژیی سوتاندنی تەڕ و وشک بەیەکەوە. "دوای سێ ڕۆژ خۆڵ بارینە تۆزەکەی نیشتەوە، بەڵام گەرد وتۆزەکە بە ئاسمانەوە مانیان گرتووە کە تیشکی خۆرەکەی بەردەکەوێ سوور دەڕوانێ. لەوە دەچێ خوێنت بە ئاسماندا پرژاندبێ "(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٣١) وەکو ئەوە وا بێت سروشت وئاسمان بەخەڵکی دەڤەرەکە بڵێت مەرگەسات بەڕێوەیە، خوێن بەری ئاسمانی گرتووە، خۆڵباران هاوکاتە لەگەڵ ڕەش بکوژی. "پێش ئەوەی لە دەرگاکە ئاودیو بێ ئاوڕێکی دایەوە، بۆیە لەچکی کردبوو تا کەس نەیناسێ ئێستا باوکم پێی دەزانێ. یەگجار خەمی دایکمە..." (ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٣٢) شوێن: زیندانە، کات: هاوکاتی گەیشتنیانە بەزیندان، پەرتەوازە بوونی خێزان و خۆشاردنەوە لە چوارچێوەی ماڵێک وخانویەکدا لەلایەک، هاتنی لێشاوی هێزێکی گەورەی زوڵم و زۆرداری بە جل و بەرگی فەرمی سەربازی کە لەشوێنەکانی دیکەی جیهاندا جێگای دڵنەوایی و پشتیوانین بۆ هاونیشتمانان بەتایبەتی لە یەک وڵات و لەیەک ئایندا هاوبەشن، بەڵام ئەم هێزە لەم وڵاتەدا بەپێچەوانەوە ببوونە جێگای دڵەڕاوکەو مەترسییەکی زۆر، بەهۆی پەرتەوازە بوون لەترسی ئەم هێزە زەبەللاحە کەس بەکەس نەبوو هەر تاکێک پێشبینی خراپترین هەڵوێستی دەکرد لەم هێزە دڕندەو نابەرامبەرە. "لە دڵی خۆیدا ئاوای گوت. ڕێڕەوەکە درێژە، بەدەستە ڕاستدا دەرگای چەند ژوورێک کەوتوونەتە ڕێڕەوەکەوە، زەڵەزەڵ وژاوەژاوی ئەودیو دەرگاکان ئەوە دەسەلمێنێ سیخناخن"(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٣٢) شوێن: زیندانە، نووسەر لەکاتی گێڕانەوەی کارەساتەکەدا چەندین زاراوەی شیرین وپڕ واتای دەڤەری گەرمیان ئاشنا دەکات بە خوێنەرانی یەک لەوانە سیخناخ بوون واتا قەرەپەستە وتێکچڕژان وهەناسە تێکەڵ بوونی ئەنفالکراوەکان دێت لەشوێنێکی بەرتەسکدا چ لەکاتی گیرانیان چ لەکاتی زیندانی کردنیان لە زیندانە ئامادەکراوەکان لە بیابانەکانی ناوەڕاست وخوارووی عێراقدا. "ژوورەکە لە دە ساڵانەوە تا پیری پەککەوتەی تێدایە، وەک چاوەڕێی شتێک بن، هەر کە تەقە لە دەرگاکەوە هات سەریان هەڵبڕی و ئاوڕیان دایەوە، لە زەڵەزەڵ و قسەکردن کەوتن ڕوویان ڕەنگی مردووی لێ نیشتبوو، تەماشاکانیان ترس و بێ ئومێدییان لێ دەتکا...تەماشاکردنێک هاوار و پاڕانەوە بوو..." (ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٣١) ئەوانەی لە ژوورەکەدا بوون تێکەڵەیەک بوون لەتەمەندا، هەریەکەو بەدەم دەردی خۆیەوە بوو، لەناکاو زیرەی دەرگا دێت هەموویان وێکڕا سەرنجیان بۆ دەرگاکە دەچێت، بەڵکو دەروویەکیان لێبکرێتەوە لەم دەردەسەرییە ڕزگاریان بێت، یان جارێکی دیکە توشی کارەساتێکی گەورەتر بن. حەمە غەریب پیاوێکە بۆهۆی کارو کاسبییەوە لە زۆربەی ئاواییەکانی گەرمیان دەگەڕێت، بە ئاژانس وزانینی هەواڵی زۆری ناوبانگی دەرکردبوو."ئێمە لەم دەشتە کاکی بەکاکییەدا چیمان پێ دەکرێت؟...بۆ کوێ بڕۆین وکوێ دەمانشارێتەوە؟"(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٣٤) شوێن وژینگە وکاتەکە لەدژی قوربانییەکاندا نییە، مەحاڵە لەهەر هەوڵێکدا سەرکەوتو نابن، بەناچاری وداماوی خۆیان دەدەنە دەست قەدەری نادیار. "ئەم بەیانییە کە گەڕامەوە قەڵا تۆ لەوێ نەبووی، کاتێ کە قەوماش چاوم گێڕا نەمبینیت؟!...بە ئاستەمێکەوە ئەو پرسیارەی لێ کرد. حەمە غەریبیش وەک وشەکان لە قوڕگیا دەمەیی...لە ئاواییەکانی دەوروبەری ڕۆخانە بووم...ئەمانەش زۆربەیان خەڵکی ئەو ئاواییانەن..." (ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٣٥-٢٣٦) لەدوای دابڕانیان لەکەس وکار و لەیەکتر، سابیر حاجی جومعە لە حەمە غەریبی مام مەنسور دەپرسێت کەتیایدا خەڵکانێکی زۆری تیادا

دەستگیرکراون ئەویش ئاوایی ڕۆخانەیە"حەمە غەریبی سووکە ئالووێرێکی بەدەستەوە بوو ...کاتی بڕینە، خوری ئەو دێهاتانەی کۆدەکردەوە، تا لە شارەکانەوە دەهاتن و لێیان دەکڕی، هاوینان سەوزەی لە ئاواییەکانی دەوروبەری ئاوەسپی دەکڕی و بۆ هەردەی زەنگەنەی دەبرد، لەو سەرێشەوە بە پارەکەی خورما و دۆشاوی دەهێنا و بە گەرمیاندا دەیگەڕاند..." (ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٣٦) حەمە غەریب کاری سەرپێی دەکرد بەم ئاوایی و ئەو ئاوایی بۆ کاسبی دەگەڕا، حەزی بە بیستن و گێڕانەوەی ڕووداوەکان بوو، ئاگاداری زۆربەیان هەبوو. "لە(داروەسەرە)بووم...لەوێوە یەکسەر بۆ ئێرەیان نەهێنایین... لەگەڵ هێزێکی گەورەی سەربازی وژن ومنداڵێکی زۆردا بۆ ئاوایی (لفتی ئاغا) یان هێناین کەلە (ئاوە سپی) پەڕیمانەوە... ئا بەوێدا گوڵشەنم بینی ئەو لە زیلێکدا بوو منی بینی هەر سنگی دەکوتا ودەستی بەرز دەکردەوە نەمئەزانی چی ئێژێ"(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٣٦) لەکات وساتی کێوماڵکردنی ئەنفالکراوەکاندا، لەگەڵ ئاپۆرای هێزێکی گەورە، دەچن بۆ لفتی ئاغا، کە لە ئاوە سپی دەپەڕنەوە، لەناو زیلێکدا گوڵشەن، بۆ ئەوەی دۆخەکەی بۆ ئاشکرا بکات سینگ دەکوتێت و لەدوورەوە پێی ڕادەگەیەنێت کەوا بۆ داهاتوویەکی نادیار و ترسناک دەچن و کارەسات بەڕێوەیە!"من باش ئەزانم گوڵشەن دەیویست چیت پێ بڵێ ...با هەر وا بزانێ (شوانە) لەگەڵ دایکی دایە...وای لەم ڕۆژە کە باوک ئاگای لە ڕۆڵەی خۆی نییە..." (ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٣٦) شوێنی لەیەک دابڕانی کەسە نزیکەکان بۆ دواجار بەدڕندانەترین شێوە لەلایەن هێزێکی تۆقێنەر، کەش و هەوایەکی مەترسیدار دروست دەکەن. لە تێکستێکی دیکەدا "تۆ سەرەڕای ماندوویەتی وشەکەتیت وخەوت نایە...شەو هێشتا لە کوێیەتی شەوی وا نابڕێتەوە، شەوگاری کردی وتۆ کردت جارێ تۆ وەک گورزت بەسەر دراێ هێشتا دەبەنگی نازانی ئەم بارە چۆن لێک دەدەیتەوە، وەک شریتێک هاوڕێکانت، ناوچەکە، دایکت، دوێنێ وئەم بەیانییە شوومەت یەک بە یەک دێتە بەرچاو..." (ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٣٧) شوێن: کە زیندانە شوێنی برسی کردن وئازاردانی دەروونی وجەستەییە، کات: شەوی بێکۆتا وبەیانی شومە.

"وای...ئەم دڵە بچکۆلەیەی تۆ چۆن بەرگەی ئازار وخەفەتی وا دەگرێ...تۆیان بۆ هێناوە؟! بۆ لەم ژوورە تار و ناخۆشەیان خزاندووی...ناهەقت نییە دڵت بگوشرێ و بێئارام بی... تۆ بەو دەشتە کاکی بەکاکییە ئاشنای ... فریشتەیەکی وەکو تۆ چ مەترسییەکت بۆیان هەیە وا مەلۆچکە ئاسا لە قەفەسیان ناوی؟..."(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٣٨) گەرمیانی مێردمنداڵ وهاوتەمەنەکانی بەهەمان شێوەی گەورەکان لەزیندان ئاخراون بەبێ گوێ پێدان بە یاسا ورێساکان ومافەکانی مرۆڤ بە تایبەتی منداڵ و ژن و ژنی سکپڕو بەتەمەنەکان. "هەر خەڵکی بوو ودەڕەمی، ئێمەش بۆی دەرچووین، خۆمان بەرەو دۆڵەڕەش کوتا، نەمانزانی ئەولاشمان لێ گیرابوو، باوکم دەستی منی گرتبوو، دایکم و نازەی خوشکم لە پێشمانەوە بوون، لە پاین ئاوایی باوکم بەدەما کەوت، تەماشام کرد شانی سوور بووە، ترسام منیش دانیشتم، وتی تۆ بڕۆ...هەڵسە بڕۆ خۆت بگەینە دایکت، ترسام هاتن منیان هێنا باوکم لەوێ بەجێ ما...نازانم...هەر بە دۆڵەکە هێنامیان لە ڕێگا هاپۆ خدریان بینی، ئەویشیان گەڕاندەوە." (ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٣٩) گەرمیان کات و شوێنی ڕووداوی دەستگیرکردنەکە بۆ حەمە غەریب دەگێڕێتەوە، باوکی زامدار بووە و داوای لێکردووە وازی لێبهێنێت و بچێتە لای دایکی و خوشکی، لەڕێگادا چاویان بە هاپۆ خدر دەکەوێت و ئەویش ڕاپێچ دەکەن. "لەولای ئاواییەوە کۆیان کردینەوە...هەشت نۆ زیل لەناو ئاواییەوە پەیدا بوون. دایکم لەناو یەکێ لە زیلەکاندا بوو، ویستم بۆلای بچم نەیانهێشت، دایکم هەر دەگریا و دەستی بۆ درێژ دەکردم، ئێمەشیان لە زیلێکی کە دانا..." (ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٣٨-٢٣٩) لەکاتی ڕەشبگیرییەکەدا لە ئاواییەکەدا سەربازەکان منداڵ و ژن و پیاو لەیەک جیادەکەنەوە، هەر یەکەیان بەجیا زیلەکان دەئاخنن."چیت بۆ باس کەم؟ گەرمیان گیان لە کوێوە دەست پێ بکەم؟ خەوت نایەت؟...باوکت لەبەر خۆشەویستی ئەم ناوچەیە ناوی تۆی ناوە گەرمیان...ناهەقی ناگرم. کام شوێن ئەوەندەی ئەم گەرمیانە دڵگیرە گەرمیان گیان...دڵسافی وسادەیی خەڵکەکەی بۆ ناڵێی..." (ئیسماعیل، ٢٠٠٨، ٢٤٠-٢٤١) شوێن گەرمیانە وگەرمیان وگەرمیانییەکان لە جوانی شوێنەکەو جوانی خەڵکەکەی وەسف ناکرێن! "هەشت ساڵ پێش ئێستا لەم شارە دەرچووم دەمتوانی بۆ خۆم ڕوو بکەمە ئەو کوێستانانە، بەڵام گڕە و گەرمای ئێرەکانەم لە نسێ و تاڤگە و کانیاوی ساردی کوێستانانم پێ خۆشتر بوو...هەردە و دەشتە کاکی بە کاکییەکەیم لە قەد چیا و بنارانم پێ جوانتر بوو، تۆ مانگەشەوان لەگەڵ هاوڕێکانتا لە پاین دێ چاوشارکێ و قولانت قەد نەکردووە؟ دەزانی نە لە کوێستانان نە لە هیچ شوێنێکی کەی ئەم دونیایە هەرگیز مانگ ئەوەندە جوان و تریفەدار نابێ!!" (ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٤١)شوێن گەرمیانە و وێڕای گەرمای زۆر لای خەڵکەکە لە کوێستان خۆشترە، شوێن و کات کە لەمانگەشەودایە یاری چاوشارکێ و قولان کەلەم دەکەن کە لەدەڤەرەکەدا ناسراوە."گەرمیان گیان لەڕێوبانی ئەم گەرمیانەدا، کە لە ئاواییەکەوە بۆ ئاواییەکی کە دەچووم لە ڕێگا پێم پەتی دەکرد، ئەو خۆڵە وردە کل ئاساییەی ڕێگا، تەزوو و موچڕکێکی خۆشی بە ژێر پێم دەدا...مرۆ دەتوانێ بەپێی پەتی بەشاخێکدا هەڵکژێ؟"(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٤١)لە وەسفی شوێندا لە نێوان دوو ئاواییدا بە پێی پەتی لەسەر لمەکەدا پیادەیان دەکرد، خۆشی چێژیان لێدەبینی!"بەهارانی بۆ ناڵێی...هەرچەندە بەهاری کورتە، بەڵام شتێکی دەگمەن و سەیرە بەهارانی...لە کام شوێن، بەهار ئاوا کورتە؟ سەیر نییە؟! لە پڕێکا ئەو دەشتە بۆ خۆی ڕایەخێکی سەوزت بۆ ڕادەخات، ئەوەندەی پێ ناچێ هاکە زەرد هەڵگەڕا، بۆیە دەڵێن خەڵکەکەی لە هیچ شتێکی خۆش، تێر نەبوون..." (ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٤١) گەرمیان بەهارەکەی زۆر کورت و زۆر سەوز و جوان و خۆشە، کاتەکەی ئەوەندە کورتە لێی تێرنابن، لەناکاو گۆڕانی ڕەنگی سەوز بۆ وشک بوون و زەردهەڵگەڕانی پوش و پەڵاش. "دەمەو ئێوارەیەکی سارد، ئاوا بۆ سەردانی ماڵی پوورم دەچووم، گەیشتمە سەر ئەم گردەی تەنیشتم، لەوکاتەدا چەمەکە بەزەحمەت بواری دەدا، لەسەر گردەکەوە دەمڕوانییە ئاوایی، لەوکاتەدا چەند تانکێ دەورەی ئاواییەکەیان دابوو، سەربازەکانیش لەناو دێ بوون، زۆری نەخایان کشانەوە وئاگریان لە چەند خانوویەک بەردا"(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٤٣) دەمەو ئێوارە کاتی شاڵاوە، یەکێک لە ئاواییەکانی گەرمیان، سووتاندنی خانووەکان لەلایەن تانک وسەربازەکانی ڕژێمی ئەوکاتە. "ئای گەرمیانە کڵۆڵەکە... "گەرمیان گیان هەموو جارێ بە هاوڕێکانم دەگوت:"ئەم گەرمیانە نهێنییەکە بۆ خۆی...ئەوی باش لێی نەگات لە نهێنییەکەی ناگات! شارەزای هەردە ودەشتە کاکی بە کاکییەکەی خەڵکە سەیر وخۆشەکەی نەبێ نەدەتوانێ خۆشی بوێ، نە تیایدا هەڵدەکات... "(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٤٥) وەسف وتایبەتمەندی گەرمیان وشارەزایی نهێنی سروشت وهەردە وژینگە ودەشتە کاکی بەکاکییەکەی هەروا ئاسان نییە؟! "کاکی برا با تۆ پەروەردەی بناری چیای سەختیش بی [،] بەڵام ئەمە دەشت وهەردەی گەرمیانە گەمەی منداڵان نییە"ئا گەرمیان گیان ئاوام پێ گوت؛ بژنەوە...ئێرە گەرمیانە لە هیچ شوێنێکی ئەم دونیایە ناچێ، تۆ بڕوانە لەم بێ ئاوییەدا لەم دەشتە وشکەدا دەغڵودان چۆن هاتووە وتەماشا چ هاتێکە"(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٤٥) شوێن: گەرمیانە، کات: بەهارێکی درەنگە زەوی ئەم گەرمیان بە پیت وبەرەکەتە دەغڵ ودان لەم وشکانییەدا بەرهەم دێن. "کەچی لەوکاتەدا ئاوایی کشومات بوو نە یار غەزاڵەکەی لفتە نە ئەو زەڵەزەڵەی جارانم نەژنەوت، گەرمیان گیان، تا دارتووەکەش بێ جووڵە بوو..." "(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٤٦)لەکاتی ڕووداوی ڕاپێچکردنی خەڵکەکە سروشت و شوێنەکەش سەرسام و بێ خزمەت و بێناز کەوتن."لەو دیو گردەکەوە یەک دوو چەکدار چەند ئافرەتێک و

هەشت نۆ منالّیان پێش خۆیانیان دابوو، لەدەرەوەی ئاوایی چەند زیلێک وەستا بوون، پەیتاپەیتا خەلّکیان دەهێنا و لە زیلەکانیان دەنان....سواری پیکابەکەیان کردم و دوو جاشیشیان بەدیارمەوە دانا...ئەوبوو دەمەوئێوارە گەیشتمە ئێرە"(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٤٨) شوێن: ئەو دیو گردەکەیە، کات: دەمەو ئێوارەیە، سابیر سەربوردەی ڕووداوی دەستگیرکردنیان بۆ گەرمیان دەگێڕێتەوە"گەرمیان گیان چاوم لێ بووخانووەکانیان سووتاند، چەند کەسێکی کەشیان مەڕ و ڕەشەوڵاخی ئاواییان بەرەوخوار دەکردەوە...کە بەدێ (سالّەیی) و(شۆڕاو)یشدا تێپەڕیمان بوو بوونە دوو گردی گەورەی خۆڵ و خشت"(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٤٨-٢٤٩) کات دەمەو ئێوارەیە و شوێن گەرمیانە بە تالّان بردن و ئەنفالکردنی ڕەشە وڵاخ و مەڕ و بەلاڕێدابردن و سوتماک کردنی ئاواییەکە، دوورخستنەوەی خەلّکەکەی و گواستنەوەیان بە زیل بۆ شوێنی نادیار! "شەوە درەنگە، ئەمشەو دووەم شەوی ناو ئەم ژوورە تەنگانەیە. بەدرێژایی ڕۆژیش پەیتا پەیتا هەر زیلە و ژن و پیر و منالّ و لاو لە دێکانەوە دەگوازرێتەوە... "(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٤٩) کات: شەوە، شوێن گرتووخانەی ئەنفالکراوەکانە"سابیری حاجی جومعە. کە خەوی زڕاوە....لەژێر لێوەوە بۆ خۆی دەدوێ..."بڕوا ناکەم لە هیچ شوێنێکی ئەم دونیایەدا کاری وا کرابێ!...نە یاسای ئاسمان نەیاساکانی زەوی ڕێگا بەکاری نەگونجاوی وا نادەن...ناوچەیەکی بەربلاو بەجارێ هەمووی ڕەشبگیر بکرێت!!"(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٥١) ڕەشبگیری و ئەنفالکردن بە ناوی سورەتێکی قورئانی پیرۆز لە هیچ شوێنێکی ئەم دونیایە بەم شێوەی کوردستان نەبووە."ئاواییەک و دوو و سێ نییە ...سەرتۆپ گەرمیانیان پێچاوەتەوە، نیازیان خراپە...ئەمە قڕکردنە...ئەمە...باشە ئەی دێهاتەکانی دەوروبەری ئاوە سپی بۆ کوێیان بردوون؟...ڕەنگە لە ژوورەکانی ئەولا بن...ئەمانەی ئێرە دەوروبەری ڕۆخانەن...ئەی دێکانی نزیک سیروان و جافایەتی و هەردی زەنگەنە؟ ڕەنگە بۆ شارێکی کەیان بردبن... !!"(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٥١) دیارە شوێنی ڕاگواستنەوەی ئەنفالکراوەکان بۆ چەند شوێنێکی جیا جیایان بردوون بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانن قڕیان بکەن و لەناویان ببەن، ئۆجاغیان بسڕنەوە، لە ڕاستیدا سوتماک کردن واتا جینۆساید یان سوتاندنی تەڕ و وشک بەیەکەوە وجیاکردنەوە وپەرتەوازەکردنی خێزان."داخی گرانم باوکی لە پاین ئاوایی بە زاماری بەجێ ما، یەک دوو فرمێسک وەک لەمەوپێش ئامادەی کردبن، بەنێوان ڕیشە سپییە پەرێز ئاساییەکەیدا هاتنە خوار.. "(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٥٣) فرمێسک کە لەکۆئەندامی فرمێسکی چاو دێنە خوارەوە، بەنێوان ڕیشە سپییەکەی حاجی جومعە، ئەمە بە شوێنی جەستەیی ناو دەبرێت، لەم کاتەدا لەداخی زامدار بوونی باوکی گەرمیان و چۆلّکردنی گەرمیان و جافایەتی و زەنگەنە، فرمێسکەکان دێنە خوارەوە."لەگەڵ خۆرکەوتندا دێکەیان تۆپباران کرد، خەلّکەکە کەوتنە خۆیان لە دێ دەربچن، کەس نەدەپرژایە سەر کەس، قیژە و هەرا و هاوار و سەگوەڕە...تەقە و دەسترێژ لە پاین ئاواییەوە دەستی پێ کرد"!!"(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٥٣)کات: خۆر کەوتنە دەمەو ئێوارەیە، شوێن ئاواییەکی گەرمیانە"لە گشتی ناخۆشتر ناموسمان کەوتە دەستیان...دایکی ئەم گەرمیانە کەمێ خۆی گرت و نەیدەویست بچێتە ناو زیلەکە و جاشێک قۆناغ تفەنگێکی پیا کێشا و وا ڕاکێشا یەخەی تلیشان، سنگی وەدەرکەوت، باش بوو ئافرەتێک زوو بە چارۆگەکەی خۆی سنگ و بەرۆکی شاردەوە... "(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٥٣) شوێن: نزیک زیلی سەربازییە، کات: ئەودەمەی بەپاڵ و بەزۆر ژنەکانیان لە زیلەکانیان دەپەستا "هاپۆ خدر بەدەم جگەرە تێکردنەوە یەک دوو جار لەژێرەوە تەماشای سابیری کرد...سابیریش دیقەتی ئەوی دەدا...لووتی باریک و درێژ کشاوە وەک دەنووکی شاهۆ کەمێ بۆ خوار چەماوەتەوە چەناگەی خڕی  ڕیشێکی سپی وەک چور داپۆشیوە، بەڵام هێشتا چاوەکانی زیت و وریان"(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٥٤) لووت، دەنووک، چەناگە، ڕیش، چاو گشتی شوێنی جەستەییە، لەداخی ئەم بارو دۆخ و کارەساتە ڕوخساریشیان گۆڕاوە"هاپۆ خدر لەسەرخۆ خەریک بوو سەلّتەکەی لەبەر دەکرد، کیسە تووتنەکەی قەمچ کرد و لە گیرفانی سەلّتەکەی نا، بێ ئەوەی سەری هەلّبڕێ لەبەرخۆیەوە دەی وت:"بەم درەنگ وەختە بۆ کوێمان ئەبەن؟!"(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٥٩) هاپۆ خدر درەنگ وەخت ئەگەر لەمالّەوە بێت وەکو نەریتێک، یان لەدیوەخانە لەخزمەت میوان و خزمان دەبێت یان لە ژووری خەوتن دەبێت. " کە سواربووین پشتم لە خۆرئاوابوو...سابیر بۆ ئەوی لای ئاشکرابێ بۆ کوێیان دەبەن لە دلّی خۆیەوە خۆرەکەی کردبووە نیشانە...ئەگەر خۆرەکە کەوتە لای دەستە چەپمەوە هەرپشتم لە خۆرئاوا مایەوە ئەوا دیارە بۆ کوێمان دەبەن...نەخێر ئەگەر ڕووم لە خۆرەکە بوو ئەوە بۆ شاری کەرکووک دەمان بەن..."(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٦٠) شوێن ناو ئیڤایە، کات ڕۆژە، بۆ مەزندەکردن وئاراستەی ڕاپێچکردنیان دیار نییە، کە بۆ کوێیان دەبەن!؟ "دەوروبەری ئاوەسپی سی تا چل ئاوایی دەبێ، هەر دێیەک هەشتا حەفتا مالّی بێت، هەر مالّێ بەلای کەمەوە حەوت کەسی تێدا بێ دەکاتە چەند...نزیکەی چل هەزارێک ئەی دێکانی هەردەی زەنگەنە، ناو جافایەتی، لەولاوە تا دەگاتە خوێلّبێنەکە بەرەو خوار بەرەوە بۆ ناو جەباری، ناو شوان، دەوروبەری ڕۆخانە...ئای باوکە ڕۆ...ئەمە کارەساتێکی گەورەیە..."(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٦١) کارەساتی ئەنفال زۆر گەورەیە مەگەر تەنها ئەوانەی کە بەسەریاندا هاتووە بزانن چ دۆزەخێک بووە؟! "باشە ئەم هەموو خەلّکە لە کوێ جێگایان دەبێتەوە، زیندانی ئەوەندە گەورە لە کوێدا هەیە جێگای ئەم هەموو خەلّکەی تیا بێتەوە؟!"(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٦١) سابیر لەناو ئیڤا دەست دەکات بە مەزندەکردنی ئەو ئاواییانەی جافایەتی و زەنگەنە و جەباری و شوان و ڕۆخانە کەزیاتر لە چل هەزار کەس دەبێت ئەنفالکراون، ئەمانە لەچ بەندیخانەیەک شوێنیان دەبێتەوە، مەگەر لە تەلبەندەکان یان قەلّا سەربازییەکان جێگایان ببێتەوە "ئافرەتەکان لەلایەک پیاوانیش لەلایەکی تر ڕاوەست[ڕاوەستا بوون] میکرفۆنەکە ئەم فەرمانەشی بە گوێی قەرەبالّغیەکەدا دا...هەرچەندە قەرەبالّغیەکە درنی دا و بەگوێرەی فەرمانەکە ئافرەتەکان بۆ لایەک جمان و پیاوانیش بەولاوە کەچی دەیان کەسی کێبڵ و داربەدەست لە خۆڕایی کەوتنە وێزەی خەلّکەکە دەستیان نەدەپارێزا....زیرەی منالّ و ئافرەت لەو دەشتە چۆلّەدا بەردی بەئاو دەکرد"(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٦٢) شوێن: تەلّبەندێکە، کات ئێوارەیە خۆر بەرەو ئاوابوونە، جەللادەکان وەکو دێوەزمە وابوون لەسەر ڕوحی قوربانییەکاندا."دایک خۆی بەسەر منالّەکەی دەدا دەکەوتە ژێر پێوە، ساواکەی لێ ون دەبوو، وا ئێستا حەشامەتەکە دوو بڕن...هاوار و گریانیشیان لەم کاتی زەردەپەڕەدا بەکەس نەدەگەیشت، ئەو هەزاران زارۆک و کچ و ئافرەت و ڕیش سپییانە هەمووی هەناسەی ساردیان بەگژ ئاسمانا دەکرد نەکەس چاوی لێیان بوو، نەکەسیش هاواریانی دەبیست، تەنها خۆری دەم کەلّی ئەم ئێوارەیە چاوی لەم دیمەنە بوولە داخانا زەرد هەلّگەڕابوو، بەڵام بۆ ئەوەی ئەویش نەبێتە شاهید و تۆمەتێکی گەورە لەسەرخۆی لا ببات بە پەلەپڕووزێ لەودیو ئاسۆوە خۆی شاردەوە"(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٦٢) شوێن دەشتێکی پان و بەرینە هێزێکی زۆر بەکێبڵ و دار و تفەنگەوە دەورەیان لێدا بوون تەنها کاتیش دەمەو ئێوارە بوو خۆر نەیویست ببێت بە گەواهیدەر لەسەر ڕاستییەکان، زوو ئاوا بوو، زۆر بە بێکەسی لەژێر دەستی زالّمانە ئازاریان دەخوارد بێ ئەوەی لەم دونیا پان و پۆڕە کەس بەهانایانەوە بێت."سابیر ڕۆڵە بەمەزەنە بۆ جیایان ئەکەنەوە...؟! ".... هەرچی خراپە ئەوە ئەکەن...کچە شەرمن و سەلارەکانی گەرمیان، چاکتان دەناسم و باش شارەزاتانم کە چەند داوێن پاکن...مخابن و هەزار حەیف، لەپێش باوک و برای خۆتاندا نانتان نەدەخوارد....تا دایک و براتان لە مالّەوە بێ جامێ ئاو و دۆ بەدەست مێوانەوە نادەن"(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٦٥)لەوەسفی ئاکاری کچە گەرمیانییەکاندا بۆ دەرخستنی ڕەوشت و حەیاو ناموسی کچە گەرمیانییەکان، کە لەم

شوێن و کاتە مەترسیدارەدا شەرەفی خۆیان دەپارێزن؟!. " بۆ هەر لایەک چاو هەڵخەی لە ژێر پێتەوە تا چاو هەتەر دەکات هەر لمە...نە شینایییەک، نە سێبەرێ نابینی، تا پنچکە بۆز هەڵگەڕاوەکانیش و بەردی قۆقزی ئەو ناوەش لم و زیخ داپۆشیبوون و بەحاڵ دیارن، ئیتر بۆ کوێ دەڕوانی هیچت بەرچاو ناکەوێ تا ئاسمان و لمەکە لە ئاسۆ یەک دەگرنەوە...گەرماکەی هەناسە سوار دەکات، کاتێ نووزەیە با هەڵدەکات، بەئاستەمیش بێ، لمەکە دەوروژێنێ، سیرە مۆزە ئاسا لمە داخ بووەکە چزە لە رووەمەت و دەست وپلی مرۆ هەڵدەستێ"(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٧٠) شوێن لمە و عەربستانە، گەرما و ئاسۆی بینین کەمە، کات رۆژە و لم و زیخەکان بە نوزە بایەک رووەو دەم و چاویان دەبنەوە و داغانیان دەکەن. "ئوتۆمۆبیلەکان لە ژمارە نایەن...سی و دوو سەعاتە، بەڕێوەن....وا ئافرەتەکان بەقنگە خشکێ دادەبەزن...لە گریان و هاوار کەوتوون....هاپۆ سەری خستبووە سەر شانی سابیر و دەستی لە قۆڵی گیرکردبوو. -"سابیر گیان ئێرە کوێیە؟". - "هاپۆ نۆگرەی پێ ئەڵێن"(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٧١) شوێن نوگرە سەلمانە، شوێنی زیندانی کردنی گەرمیانییەکانە، کات سی و دوو سەعاتە بە سواری ئیڤا بەڕێوەن!؟ "قەڵایەکی گەورەی دوو نهۆم، دەرگایەکی دوولایەنی ئاسنین لە ناوەڕاستی بیناکەدایە، بەملاو بەولای دەرگاکەدا بەدرێژایی چەند گاوخانێک لەسەر دوو نهۆم قەڵاکە دروست کراوە"(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٧١) نووسەر لە وەسفی قەڵاکەی نوگرەسەلماندا دەڵێت: قەڵایەکی گەورەی دوو نهۆمی ودەرگایەکی ئاسنی لەناوەڕاستیدایە، لەملاو ئەولای دەرگاکە چەند گاوخانێک دروستکرابوو، جگەلەوەی ئاسۆی لم وئاسمان لە خاڵێکدا یەکدەگرنەوە هیچ دەرفەتێک نییە بۆ دەرباز بوونیان. "وتوویانە مرۆ لە دۆزەخیش ڕادێ و گوزەران دەکات...ئەم توخمە ئینسانە چی زیندەوەرێکی سەرسەختە، چ توانایەکی بێ سنوور لەبن نەهاتووی هەیە....ئەم مرۆیە چ سەیرە و چ درندەیەکیشە....ئەوەندە بەرچاو تەنگن ئەم دونیا فراوانە جێگای ئەوانیش و ئێمە و ئی تریشی لێ دەبێتەوە... "(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٧٤) دۆزەخ شوێنی ئیسکاتۆلۆجیایە واتا زانستێکە لە دوارۆژی گەردوون دەکۆڵێتەوە، شوێنێکی دژ و گەرم و ناخۆشە. لە ڕەهەندی ڕەگەز پەرستییەوە دەڵێت: ئەرزی خوا فراوانە گشت مرۆڤایەتی جێگایان دەبێتەوە، بۆچی ئەم جیهانەیان لێ بچووک کراوە! "وا خۆر چۆتە زەردە، کەچی ئاسۆ لێڵ وتاریک دەڕوانێ! تەپوتۆزی لم و زیخ ئاسۆ لێڵ کردووە، هەندێ جار باکە بەهێزتر دەبوو، لە پەنجەرە بچووکەکانی بن مێچەکەوە لم و زیخی بە قاوشەکەدا دەکرد، ئەوەندەی کە ئەو دەمەو ئێوارەیەی دڵتەنگ و ناخۆشتر دەکرد "(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٧٦) کات: زەردەپەڕە و ئێوارەیە، شوێن قاوشەکانی قەڵای نوگرەسەلمانە، دەبوو رووناکی زەردەپەڕ تیشکی خۆی بە ژوورەکاندا پەخش کردایە، بەڵام تەپ و تۆزی لم باران ئەو دەرفەتەی لێ زەوتکردوون زیاتر خەمباری کردوون. "چۆن لە ئاوایی"قەڵا" لە شایی و شەوەگەڕ وکێشە و خەرمانان و گەڕانەوەی ئێوارانی سەر پەرێز، بەدەنگە تەلیسماوییەکەی بە ئەڵلاوەیسی و خاوکەر و ئای ئایێک ئەوەی گوێی لێ بوایە ماندوویەتی دەردەچوو، ئالێرەش لەم کۆستەدا فرمێسکی پێ رژاندن و بۆ ماوەی گۆرانییەکە بۆ ئەو هەردە و پێ دەشتانەی لای خۆیانیانی گەڕاندەوە... "(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٧٧) ئەنفالکراوەکان هەر بە جەستە لە ئۆردوگا زۆرەملێیەکەدا بوون، بە رووح لە گەرمیان بوون لەکاتی گەڕانەوەیاندا لە دەمە و ئێوارەدا ، تەنها بەگوێ بیست بوونی مەقامی ئەڵلا وەیسی و ئای ئای ڕوحیان دەفرێت و دەگەڕێتەوە بۆ کاتە لەبیرنەکراوەکانی زێدی باب و باپیرانیان لە گەرمیان. "کفنی چی هاپۆ...بە بەتانییەکەیان پێچاوەتەوە لەو بن دیوارەیان داناوە...تا سبەینێ گوایە من لەدەرەوەی قەڵاکە بینێژم...تۆ باسی چیم بۆ ئەکەی ڕەحمەت لە باوکت.." "(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٧٩) لە کاتی گیان لەدست دانی هەر قوربانییەک بە هۆی نەخۆشی یان برسییەتی یان ئازاردان، بێ شۆرین و جێ بەجێ کردنی ڕێوشوێنی ئاینی زۆر بەبێ نازیی گۆڕ غەریبی دەکەن. "ئینجا چووە لای قاچی تەرمی ڕەزا و ئیشارەتێکی بۆ سابیر کرد، کە لای سەرییەوە هەڵی گرێت ئەویشیان خستە سەر عارەبانەکەوە...لێوارێکی دەفەی شانی کەوتە سەری، ئەستوورایی هەردوو رانیشی بەسەر ئەو لێوارەکەیەوە مایەوە... "(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٨٤) سەر و قاچ و دەفەی شان و ڕان، شوێنی جەستەیین."یا الله یاساوڵەکە بەو تەماشاکردنەی سابیر ڕازی نەبوو بەلای ڕۆژهەڵاتدا لە دوور قەڵایەکی کەی بینی ڕەنگە ئەو قەڵایەش پڕ بێ... "(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٨٥) شوێنی قەڵایەکان لە بیاباندا زۆر بوون کە پڕ بوون لە ئەنفالکراوەکان، یاساوڵەکان زۆر بە وردی چاودێری ئەو شوێنەیان دەکرد، بە درەندەترین شێوە ڕەفتاریان لەگەڵ دەکردن، ئەوە جگە لە لم باران و گەرمایەکی بەردەوام و زۆر گەمارۆی دابوون."ئەوەی لێرە بنێژرێ لە سەوزەی خاکیش بێ بەری دەبێ...وا دیارە هەموومان، ئەوەی لەم قەڵایە دایە یەک لە دوای یەک ئەم لمە دەبێتە گۆڕمان...گۆڕ غەریب دەکەوین...گۆڕی چی، تۆزێ لم بەسەرماندا دەدرێت نەکەس فرمێسکمان بۆ دەرژێ نەیەکێک هەیە غەممان بۆ بخوات"(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٨٦-٢٨٧) بۆ ناشتنی ئەو منداڵەی کەئەم ئێوارە درەنگە لەبرساندا دەمرێت دوور لە دایکی، گشت دایکەکان نازانن کوڕی کامەیانە مردووە!؟ تەنها لە بەتانییەکێک لولی دەدەن بۆ بەیانی لەناو لمدا دەیشارنەوە، یاساوڵەکان لەکاتی مردنی هەرکەسێک سابیر بانگ دەکەن بۆ ناشتن، دیارە سابیر ئاگاداری شێوەی ناشتنەکە هەیە، لەدەرەوەی قەڵاکە هەندێک لم هەڵدەدەنەوە وجەستەی مردووەکەی تیادا حەشار دەدەن، بۆ رۆژی دواتر سەگ بە ئاسانی دەریاندەهێنن و دەیانخۆن. "هەموومان یەک خەون ببینین...شەو نییە دایکم نەبینم، هەر ئێژێ ئەوە بۆ نایەیتەوە...لە خەوەکەمدا دڵم بە باوکم دەسووتێ تەماشام دەکا و دەگری، سەرم سوورِ دەمێنێ باوکم بۆ دەگری...شتێک دەزانی...پێم نالێ...دەچمە سەر ئاوەسپی، کاڵەک و شووتی و ترۆزی بوستانەکانی ئاوەسپی ئەو دەشتاییەی پڕ کردووە...ئاوایییەکان قەڵەباڵغتر و لە جاران خۆشترن...دەزانم خەونەکانمان وەکو یەک وان... "(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٨٧) بەهۆی ئەوەی هەموویان ئەنفالکراون و نزیکی یەک و هاونیشتمان و هاونەتەوەن و هاودەردن، خەون و ئاواتەکانیان لەیەک دەچێت، لەکاتی خەوبینیندا دەچێتە سەر ئاوەسپی بۆ رنینی شوتی و ترۆزی، دایک و باوکیان لە خەودا بە خەمباری دەبینن. "ئەمشەو رۆژم لێ نابێتەوە...بۆیە ئەم خەڵکە هەموومان واگۆڕاوین وەک بیست ساڵێک دەژمێردرێ...بیرەوەرییەکانم لێ درووژاون...دایکم...ئای دایە گیان...هاوڕێکانم ئێستا دەبێ لەکوێ بن...دەزانم هەندێکیان ڕێگای غەریبیان گرتەبەر و سەری خۆیان هەڵگرت... "(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٩٣) لە شەوێکی بێکۆتادا خەیاڵی بۆکەسە نزیکەکانی و ئاوایییەکەی دەچێت.هاپۆ و سابیر لە دوو شوێنی جیاوازدا خەون دەبینن، سابیر بەدەم زیندەخەوندا خەو دەبیاتەوە"پێڵووی تا دەهات قورس دەبوو...ڕۆڵە مەڕۆ دایە منیش وەکو هاوڕێکانم....ڕێگاکە بۆ وا چۆڵە؟...کەس دیار نییە؟! لەپاڵ هەر پنچکێکدا سەگێک وەستاوە بەردو کەسکڵی دەوروبەری ڕێگاکەش وا یەکە بەیەکە دەبن بەسەگ...دەشت وەدر بووە بە سەگ...قلە قلەش سەگ دەبارێ...ئەم گەماڵە بۆ وا دانی لێ جیڕ کردوومەتەوە! با هاوارێ بکەم "سابیر...سابیر ئەوە چیتە...عارەقت کردووە...خەوێکی ناخۆش بوو هاپۆ..."(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٩٣) هەر لەو شەوەداهاپۆش خەونێک دەبینێت بەم شێوەیە دەیگێڕێتەوە"منیش ئەمشەو خەوم بینی خوایە خێر بێ...لە ژاژ بووم خۆزێ هەموو شەوێ خەونێکی ئاوا دەبینم...لەسەر ڕۆخانە وا بەدیار بۆستانەوەم...عەبە لەیلە وەکو هەموو جارێ دەستی بەگۆرانی کرد، بێڵەکەم دانا جگەرەیەکم تێکرد...خاوکەرێکی چری بروا بکە تا ئێستاش لە گوێما دەزرنگێتەوە و بەیتەکەشم لەبیر نەچۆتەوە...ئا... نە ڕۆ ئارامەن، نەشەو خاومەن چون چەم گل کەران گلاراومەن"( ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٩٣) لە هەمان شەودا لە خەونیدا لە ژاژ بووە لە ڕۆخانە بەدیار شینایییەکەی دوور لە نوگرە

سەلمان، گوێی لە گۆرانییەکی خاو دەبێت لە شوێنێکی زۆر خۆشدا. "دەمەو سەحەرێ بۆ ناڵێی، کورە ئەی خەوی سەکووی حەوشانی...نەمردایەم بۆ تاقە جارێکیش شەوێکی هاوین سنگی خۆم بدایەتە بەر ئەو نەرمە بای ئاواییەکەمان، ئەوجا ئەم وت مردن هەقە... "(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٩٤) لە ڕاستیدا هاوینی گەرمیان گەرمە، بەڵام بای شەماڵ، کە وەسف ناکرێت لە خۆشیدا لە کۆمەڵێک شوێن لە ئاواییەکەیان وەبیر دێتەوە"وەی لەو شەماڵە فێنکەی...دۆی مەشکە و ئاوی کوننەڵان لای خۆمانتان بێننەوە یاد...وەی لەو شەماڵە فێنکەی...دۆی مەشکە و ئاوی کوننەڵان وات لێدەکات شەققە لە دان بدات"( ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٩٣) لە ڕاستیدا جێگای سەر سوڕمانە لە هاویندا لە گەرمیان شەقەی دان بێت!؟، ئەوە یەکێکە لەدەیان نهێنی دەڤەری گەرمیان." کابرایەک لەناو قاوشەکە بێ ئەوەی کەس باسی گەرمای کردبێ بەدەنگێکی بەرز ئاوا بۆ قاوشەکە دەدوا...ناهەق نەبوو گەرماکەی لەوەدا نەبوو، گەرماو و لم بارینەکەی دەستێکی گەورەی لە مردنی ئەم خەڵکەدا هەبوو"(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٩٤) گەرماو لم بارانی نوگرە سەلمان هۆکاری گیان لەدەستدانی زۆربەی ئەنفالکراوەکان بوو، یەکێک لە قوربانییەکان لەخەفەتی دووری زێدی باب و باپیران و جیاوازی گەرمای دوو شوێنی زۆر لەیەک جیاواز دەکات."گوناهی تۆ نییە و پێویست ناکات ئازاری ڕۆحی خۆت بدەیت...دواجار با پێت بڵێم کەسمان لەم دۆزەخە قوتار نابین...تۆ بڕوانە ئەم قاوشە سیخناخ بوو.. "(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٩٦) شوێن دۆزەخەوکات دواڕۆژە، زانستی "ئیسکاتۆلۆجیایە"* بەهۆی سیخناخ بوونی ئەنفالکراوەکان لەتەک یەکتر، شوێنەکە بە دۆزەخ دەچوێنن، بەر لەو کاتە قاوشەکان زۆر قەرەباڵغ بوو، جێگا نەبوو قاچ ڕاکێشن، بەڵام وردە وردە بەشێکی زۆریان مردن. "شڵەژا بەدەنگێکی بەرز وەک لەگەڵ یەکێکی کەدا بدوێ دەنگی چنارە...باشە چنار لێرە چ دەکات...دەستی هێشتا لەناو لمەکە دەرنەهێنابوو...هەستی کرد گیانی دەلەرزێ، بە دوودڵی وگومانەوە سەری هەڵبڕی...چاوی بۆ ئەو لایە هەڵخست کە دەنگەکەی لێوە دەهات... تارماییەکی بینی!!وا پێ پێ بۆ لای دێت چنار لەم بیابانە چی دەکات...لە دڵی خۆیەوە وای گوت بەتەواوی نزیک بووەوە: چنار ئەمە تۆی؟...لەم بیابانە چی ئەکەیت.. چی بۆ ئەم دۆزەخەی هێنای...دەبا نەتبینن... "(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٩٨) لەکاتی زیندەبەچاڵکردنیدا پەلەقاژە دەکات ولەسەرەمەرگدا وڕێنە دەکات وچناری نازدار حەیرانی دێتە بەرچاو، پێی ناخۆشە کە نازدار وەکو خۆی لێ بەسەری هاتووە!؟ حەزناکات خۆشەویستەکەی لەم بارودۆخە نزیک بکەوێتەوە. "گوێی لە ترپەی پێیەک بوو دوور دەکەوتەوە...کە لە پاڵ مزگەوتەکە دادەنیشت چاوەڕێی دەکرد چنار بۆ سەر ئاو بێ...کە دەهات گوێی لە ترپەی پێی دەگرت...کە لەسەریشەوە دەگەڕایەوە ئاوا ترپەی پێی دەهات تا لە کۆڵانەوە پێچی دەکردەوە... سابیر سەرسامە...ئەوا کەی وا بووە؟!...چناری کچە گەرمیانییەکی شەرمن، کەی وای لێ هاتووە...خۆ کاتی خۆی ئەوەندی ئێستا بۆمان نەلوا بەدەم یەکەوە بوەستین و قسە لەگەڵ یەکتردا بکەین...هەمدیس تاس بردییەوە... "(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٩٩) لە گەڕانەوەیەکدا"فلاشباك" بۆ سەردەمی ئاوایی و خۆشی، بیرەوەرییەکانی خۆشەویستی و دڵداری لەگەڵ چناردا، لەکاتی خۆیدا لە ئاواییەکەیاندا دەرفەتی بینینی یەکتریان زۆر کەم بووە! "لالە بۆچی گۆرانی هەر تەنها لە کاتی خۆشی و بەزم و شاییدا دەگوترێ؟ گۆرانی بۆ کاتی تەنگانە و دڵتەنگیش دەست دەدا ئەگەر هەر بۆ کاتی خۆشی گۆرانی بوترایە، ئەوا لە گەرمیاندا گۆرانی نەدەبوو، چونکێ خۆشیمان کەمە...گۆرانی ئەم گەرمیانە بۆیە وا کاریگەرە جونکێ لە دڵتەنگی و خەفەت و ئازارەوە سەری هەڵداوە"(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٣١٠) کاتی خۆشی لای گەرمیانییەکان زۆر کەمە بەبەراورد لەگەڵ کاتە ناخۆشەکان، بۆیە ئەم پانتاییە جوگرافیایە ی کە گەرمیانی پێ دەگوترێ باشترین مەقام بێژی لێ هەڵکەوتووە وەکو عەلی مەردان و حسێن عەلی و سەڵاح داودە..هتد" ئێستا ئەو قەڵایە کەسی تیادا نەماوە، کەسیش نزیکی ئەو قەڵایە ناکەوێ، نەکو تووشی ئەو نەخۆشیانە ببن"(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٣١٣) قەڵای نوگرە سەلمان و شوێنی ئەشکەنجەدانی ئەنفالکراوەکان زۆر مەترسیدار بووە بە هۆی زیندە بەچاڵکردن و مردن بەهۆی لم باران و نەخۆشی زۆر ترسناک."مانگە شەوە...یەکێ لە یاساوڵەکان هاتە لای سابیر و هەواڵی مردنی یەکێکی پێ دا... "فرسەتە ئەمشەو پێی پێوە دەنێم...ئەو تەرمە ئەمشەو دەنێژم و لەوێوە ناو خوای لێ دێنم...دەبا هەندێک ئاو بکەمە ناو شتێکەوەو لەگەڵ خۆمی ببەم، یەک دوو سەموونیش"( ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٣١٥) ئەنفالکراوەکان دەیانزانی کەوا دەرفەتی دەرباز بوونیان نییە، بەڵام ئازار و ئشکەنجە و برسییەتی و مردن تینی بۆ هێنا بوون، ئەگەر مردنیشی بەدواوە بێت لە قەڵاکە ڕابکەن!؟ "برۆ...تا پەلە بکەی درەنگە...بەڵام لەبیرت نەچێ، ئەمە بیابانە وگاڵتە نییە، هەردە و دەشتەکەی لای خۆمان نییە... برۆ ئەگەر مای ئەوا هەر دەگەیتە شوێنێک، کە گەیشتیتە هەقەجێ چیت دیوە بیگێڕەرەوە.. ئێ؟ "(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٣١٣) ئامانجی سەرەکی هەڵاتووەکان لە قەڵاکە، ئاشکرا کردن و درکاندنی نهێنییە نەزانراوەکان بوون لەلای ڕای گشتی، یەکێک لە دەرباز بووانی قەڵاکە ڕێگای هات و نەهات دەگرێتە بەر بۆئەوەی هەواڵ و کارەساتی ئەنفالکراوەکان بە گوێی دونیادا بدات، لە ڕاستیدا دۆخی ئەنفالکراوەکان زۆر سەخت بووە، هیچ کەسێک ناتوانێت هەموو نەهامەتییەکان لە ورد و درشتەوە وەکو خۆی بگێڕێتەوە، ئەم کارەساتانە لە هەرکوێیەکی دونیادا بووایە سەدان ڕۆمان و فیلم و چیرۆکی لێ دەکەوتەوە."سابیر چووە لای گەرمیانەوە...لە باوەشی گرت، ئەملاوئەولای ماچ کرد و دەستی کردە گریان... تۆش دەردەچی کاکە سابیر...دێم بۆ لات...بیرتە پێت وتم دێم بۆ ئاواییەکەتان، لەبیرت نەچێ چاوەڕێت دەکەم..."(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٣١٥) گەرمیان لەکاتی ماڵئاوایی کردن لە سابیر دەست بەگریان دەکەن و پەیمان دەدەن یەکتر ببینن"دەنگی چنارە!...لە پێشەوەش دەنگێکی تر بانگم دەکا...ئەمەش دەنگی دایکمە...بگەڕێمەوە بۆ قەڵاکە! پاش ماوەیەکی کە منیش دەچمەوە لای چنار...یا...نەء جارێکی کە ناگەڕێمەوە ئەو قەڵایە "(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٣١٦) ژیانی مەرگەساتی ماوەی لەبیر نەکراوی نێوان ناو قەڵاکەی نوگرە سەلمان ولەدەرەوە بیرکەوتنەوەی کارێکی ئاسان نییە، وەکو زیندەخەون دەنگی دەستگیرانەکەی ودایکی دێتە گوێی، ڕاڕا دەبێت چۆن هەڵس وکەوت بکات!؟

## تەوەرەی دووەم:

## شوێنکات لە کورتە ڕۆمانی بەهاری ڕەشدا:

شوێنکات لە کات وشوێنە لەیادنەکراوەکانی کورتە ڕۆمانی "بەهاری ڕەش"ی سەردەمی ئەنفالی گەرمیانییەکانە، کە نوسەر ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل زۆر بەوردی بەرجەستەی کردووە.

"خەڵکێکی زۆر لە شەقامەکەی ئەو بەرەوە ولە پاڵ دیواری ماڵەکانی بەرامبەر، یا دانیشتوون یا وەستاون کزکز دەیانڕوانی هاتبوون ناسیاوێکیان ببینن وهەواڵی خزم وخوێشیان بزانن، لەم کاتەدا لەناو قەرەباڵغەکەوە دەنگێک بەرز بووەوە: (خۆ ئەوە سابیری حاجی جومعە بوو..ئەویش بەر ئەم لێشاوە کەوت!...)" (ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٣١-٢٣٢) لەم بارو دۆخە سامناکە خەڵکە سڤیلەکە توشی سەر لێ شێوان ببوون، ئەوەندە پاڵەپەستۆی دەرووی

* ئیسکاتۆلۆجیا: زانستێکە لە دواڕۆژی گەردوون ومرۆڤایەتی دەکۆڵێتەوە.

تینی بۆ هێنا بوون کەس وکار وخزم وخوێیان لە شوێنکاتێکی زۆر هەستیار وناخۆش بەدیداری یەکتری دەگەیشتن، وەکو ئەوەی چاوەڕوانی کارەساتێکی زۆر گەورە بکەن. "لە ڕێگاش لەناو پیکابەکەدا چەندیان کرد وکۆشان زوانت لە زوانیان نەچەرخا، نەهاتیتە گفت وزاق زاق تەماشات دەکردن، هەم ڕقت لێیان دەهاتەوە هەم بەزەیی...ژووریٚ، دوو...شەش، لەپێش حەوتەمین دەرگادا ڕایان گرتی. لەبەر دەرگاکە یەکێک وەستاوە، لیستێکی بەدەستەوەیە، زانیت دەیەوێت ناونووست بکات."(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٣١) شوێنکات لەم تێکستەی کورتە ڕۆمانەکەدا لەناو ئەو پیکابەیە کە چەند سەبازێکی تاوانبارو بێتاوان لە دیدی ئەنفالکراوەکانەوە هاوڕێگایان بوون، لەکاتی لێکۆڵینەوەدا لەگەڵ سابیری ئەنفالکراودا ئەنفالچییەکان پرسیاری لێدەکەن وئەویش بەم شێویە وەڵامیان دەداتەوە"ناوت چییە؟ سابیر حاجی جومعە. دانیشتوانی کام ئاوایی...؟ تۆ خەڵکی ئەم شارەی، ئەمە چەند ساڵێکە ڕووت لەم دەشتە کردووە، هەرچەند مانگێک و لە ئاواییێکدای، لەبەر کەس و کارت ناڵێی خەڵکی ئەم شارەم، هەر بە ئەنقەست ڕاستییەکەیان پێ ناڵێی... "ئاوایی گەرمک..." (ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٣٢) بەهۆی بێ متمانەیی ئەنفالکراوەکان بەرامبەر ئەنفالچییەکان، ناوهێنانی هەندێک شوێن، لەترسی ئەوەی شوێنکات بۆ دڕندەکان و پیاوانی سیخوڕی ڕژێم ئاشکرا نەکەن زۆر بە هەستیاری وەڵامی پرسیاری ئەنجامدەرانی لێکۆڵینەوەکانیان دەدایەوە، ئاوایی گەرمک یەکێکە لەو شوێنانەی کە ڕژێم لەڕێگای چلکاوخۆرەکانی و داروودەستەکانی داخی زۆریان لێهەڵگرتبوو."لەم کاتەدا گوێت لە گریانی چەند منداڵێک بوو، ڕێڕەوەکە کەمێک لەولاترەوە بەلای چەپدا دەشکایەوە زەڵە زڵ و گریانی منداڵەکان لەو ئاستەوە دەهات...ئەوەی ناوتی نووسی ڕانکوچۆغەیەکی حەڵواییی لەبەرابوو"(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٣٢) شوێنکاتێک کەهەرگیز لەیاد ناکرێت، لەلایەک زیرە وقیژەی منداڵان، لەلایەکی دیکەوە کوردێکی ئەڵقە لەگوێ بەجل وبەرگی کوردییەوە ناو نوس بکات؟!. "هەر لە جێگاکەی خۆتەوە چاوێکت بە ژوورەکەدا گێڕا، سیخناخە، هەر لەبەر بێ جێگایی بە پێوەن، ژوورەکە دوو پەنجەرەی گەورەی هەیە، بە مقەبا گیراون، زەردەی ئەو ئێوارەیە لە درزی مقەباکانەوە دزەی کردووە، لاکێشەیەکی درێژی مەیلەو سووری خستۆتە سەر دیوارەکەی بەرامبەر..." (ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٣٣) ئەو شوێن و کاتە، کە شوێنکاتێکی جەرگبڕە کات دەمەو ئێوارەیە لەبەر ئەوەی تیشکی خۆر لە درزی ئەو مقەبایەی کە پەنجەرەکی پێداپۆشراوە دزەی کردووە، شوێن ژوورێکە سیخناخە بەمرۆڤی کورد لەزیندانی ڕژێمدا، تەنانەت دەرفەتی جوڵەو پاڵکەوتنیشیان نەبوو. "جاروبار کە نامەت بۆ هاوڕێیانی شار دەنووسی، جوانیی و سروشتی گەرمیانت بۆ باس دەکردن، لە دوانامەتدا...لەگەڵ دایکدا بۆت ناردبوو..زەردەی ئێوارانی ئەم ناوچەیە کە دڕژێتە سەر خۆڵە پەتانیە سوورەکە ڕەنگێکی تایبەتی پێ دەبەخشێ کە پەڕەمووچی هیچ هونەرمەندێک ناتوانێ ئەو ڕەنگە دەربێنێ...کە سەرنجی دەدەیێ و لێی ڕادەمێنێی خەم و خولیایەکی سەیرت لە ناخا دەورووژێنێ، من دەڵێم ئەو ڕەنگە زەردباوە دەگمەن و جوان و دڵگوشێنەرە ئاە و هەناسەی خەڵکەکەیە..." (ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٣٣) لە دوو شوێنکاتی جیاوازی خۆشیی و ناخۆشییدا، سەردەمی پێش زیندانی و لەکاتی زیندانی بوونیاندا، بەفلاشباک گەڕانەوە بۆ ڕابردوو شوێنکاتێکی سەرنجڕاکێش دەوروژێنێت، زەردەپەڕ تیشکی دەخاتە سەر پەتانییە سوورەکە ڕەنگێکی ئەفسانەیی دروست دەکات، کەلە توانای هونەرمەندان بەدەرە، لە هەمان کاتدا گرێی دەداتەوە بە ئاە و سەردی خەڵکە جوان و خێر لەخۆنەدیوەکەی گەرمیان. "لەپڕ گرمەیەک، دوو، سێ، وەک پۆلە باڵندە هەریەک بەلایەکدا داغان دەبن...ئافرەتان ناپڕژێنە سەر ماڵ و حاڵ تەنها منداڵە ساواکانیان بەسینگەوە دەنووسێنن و هەڵدێن...چاو دەگێڕی کەست لەنزیک نەماوە...گریانی مناڵێک دەژنەوی، بەتەنها لە دەم کۆڵانەکەی ئەولاتەوە بە تەنیا وەستاوە و دەگری...تاو دەدەی لە باوەشی بگری و دووری بخەیتەوە، هەرچەند دەکۆشی دەستت نایگاتێ...تۆ ڕادەکەی لەپڕ...لە هەڵدێرێکی هەزار بە هەزار پێت دەخزێ و ....گریانی مناڵەکەت لە گوێ نابڕێ...بە ئەسپایی وەک پەڕێک لەسەر تاشەبەردێک خۆت دەبینیتەوە و دەوروبەری تاشەبەردەکە توولە مارن، لەژمار نایەن....لەپڕ لەگابەردەکەوە خۆت هەڵدەدەی، سەرت بەتاوێرێک دەدات، کەچی هەر گریانی مناڵەکەت لەگوێ دەزرنگێتەوە...گوێ هەڵدەخەی...منداڵەکەش بەدەم گریانەوە دەڵێ بۆ ۆ ۆ...دادەچڵەکێی، گڵۆپێکی کزی بنمێچەکە ڕۆشناییەکی کاڵی بەژوورەکەداوە ، چاو دەگێڕی، حەمە غەریب نەبێ کەسی کەی دانیشتووی ئاوایی"قەڵا" نابینی...ئەی بۆ کوێیان بردوون؟ بەباشی دەموچاویانت لێوە دیار نین، هەندێکیان خەوتوون هەندێکیان پشتیان لێتە"(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٣٥) لەناکاودا هێرشە دڕندەکە دەستپێدەکات گرمەی تۆپ وتەقە ئەوناوە دەبێژێت، شوێنکاتی دەستگیرکردنی هەرگەرمیانییەک یان بینینی هەردیمەنێکی دابڕان یان دەستگیرکردن دەبێتە دەستپێکی خەمۆکی ودڵەڕاوکێ تا ژیانیان مابێت، لە یادەوەریاندا وەکو ماکێک یان گرێیەکی ڕەش وناخ هەژێن دەمێنێتەوە، بەردەوام لەهەمان دەم وکاتدا شوێنەکەو جۆری دەستگیرکردنەکە وەکو خورپەیەک یان تاسەیەک لەخەون وخەیاڵیاندا دەزرنگێتەوە.

"ئەم گێژەلووکەیە، ئەم گەرداوە، ئەم سێڵاوە لێخن وشینە لە ناکاودا چی بوو وا ئەم هەزاران هەزار ژن و منداڵ و لاوی ڕاماڵیوە ئەو قاتوقڕی و کارەساتانەی بیر دەکەوتەوە لە کتێبەکاندا خوێندبوونی، خوێن و کۆچ و لاشەی کەڵەکە بوو لەبەر چاوی لانەدەچوو دەیویست بیر لە شتی تر بکاتەوە نەیدەتوانی؟!!نازانی ئەنجام بەچی دەگات:" (ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٣٧) هەموو ئەو دیمەنە جەرگبڕانەی لە شوێنکاتی جیا جیادا بەرچاوی کەوتووە لەبەرچاوی ون نابن خەویش میوانی نابێت. "دانیشتووانی ناوچەیەک چۆن هەمووی بەجارێ ڕەشبگیر دەکەن سەرت لەمە دەرناچێ، مێشکی خۆت دەگوشی، هەوڵ دەدەی تاوانێکی لەو بابەتە بیر خۆت بخەیتەوە، یا لە کتێبێکدا باسی کارێکی واکرابێ، لەم حاڵەتە بچێ پی ناچێ...هیچت بۆ ناوترێ ونازانی نەفرەت لە کێ بکەیت..." (ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٣٧) لە مێژووی مرۆڤایەتیدا لە وێنە وشێوەی ئەم کارەساتە بەرچاو ناکەوێت، شوێنکاتە کارەساتبارەکان لەیاد ویادەوەریدا بەهەر هۆکارێک بێت ون نابن، وەکو دێوەزمەیەک بەردەوام بەرۆکیانی گرتووە."بۆ وامان لێ دەکەن! یەک دوو جار لەژێر لێوەوە وات گوت. ئەم بەیانییەش خەڵکەکە هەمان "بۆ"یان لە تۆ پرسی...چاوت بە ژوورەکەدا گێڕا، حەزت دەکرد یەکێ، هەرکەسێ بێ نەخەوتبێت وبچێتە لای...چاوت بە مێردمنداڵەکەی تەنیشت پەنجەرەکە کەوت، ئەویش وەکو تۆ خەوی نایەت "(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٣٨) بۆ هاودەمی وبیرچوونەوە وخۆ غافڵکردن شەو دەچێتە لای مێردمنداڵێک کە ئەو بارودۆخەی بۆ هەرس ناکرێت دیمەن وشوێنکاتەکان لەبەرچاوی بۆ ساتێکیش وەلاناکەوێت."لەبەر خۆتەوە ئاوات دەگوت، بۆ ماوەیەک تاس بردتیەوە. -"ناوت چییە عاقڵ؟"-"گەرمیان ئێ...لێرەش دەترسێی پرسیاری باوک و کەس وکاری لێ بکەیت....لە دوێنێوە لێرەم...دوێنێ هەر بەیانی زوو ئاواییان ئابلۆقەدا من خەوتبووم...ئەو بەیانییە دەبووایە لەگەڵ دایکمدا بچووباییەن بۆ سەر ڕۆخانە و زەڵمان بهێنایە...بووە تەقە، تۆپ کەوتە ماڵی میمکە ڕەعناوە، مام خدر ئێژێ کەسیان دەرنەچوون"(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٣٨-٢٣٩) گەرمیان شوێنکاتەکە بۆ حەمە غەریب دەگێڕێتەوە، بەهۆی تۆپبارانەوە ماڵی میمکە ڕەعنا بەریان کەوتووە، مام خدر ئێژێ کەسیان دەرنەچوون! "لەوەتی گەرمیان گەرمیانە، گەرمیان گیان، خەڵکەکەی بەتەمای بەهارێکی درێژن...تۆ قەت لە بەهاراندا بۆ قاڵچک و دۆمەڵانی قەد تەپە و تەڵان و قنگری ناو زەوی بەیاری نزیک ئاوایی نەچووی؟... دواجار لە دونیادا شوێنێک هەیە لە یەک ساڵدا دوو بەهاری هەبێ؟...ئەی پایزان نەچوویتە قەراخی (ڕۆخانە) و (ئاوە

سپی...) بەڵام گەرمیان گیان...یەکەم گورز کە لە بگرە وبەردە وهێرش وبەسەرداداندا دەیوەشێنن بەر ئەمان دەکەوێ، کۆلیتە وزنجیان دەسووتێ وخاپوور دەکرێ، گەنج وریش سپی وئافرەت ومنداڵیان بۆ بیابان وشارانی دوور دەگوێزرێنەوە." (ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٤١) ئەم گەرمیانە لە شوێنکاتی جیاوازدا هەمان کارەساتیان بەسەردا هاتووە "دەڵێن زوو زوو خەڵکی ئەم گەرمیانەیان بۆ لیبیا وژووررووی ئەفریقیاش پەڕاگەندە کردووە! لەمەش کۆنتر سەنحاریب ناوێک بە لەشکرێکی زۆرەوە بەگەرمیاندا تێپەڕیوە تا گەیشتۆتە قەرەداغ، گەرمیانییەکان دەستەوەستان دانەنیشتوون ساڵێک ئەو لەشکرەیان پەنگ دابۆوە و ڕێگای ڕۆیشتنیان لێ بڕیبوو"(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٤١) جگە لە ئەنفال لە مێژوودا گەرمیانییەکان لەسەردەمی سەنحاربدا ماوەی ساڵێک لە گەرمیاندا بەرامبەریان وەستاون بەرگریان کردووە، هەمان ڕووداو لەشوێنکاتەکان دووبارە بوونەتەوە"نزیکەی سی ساڵێکە خانوو و ماڵیان دەسووتێ، تاڵان دەکرێن، ئەوەندە گوێیان بەماڵ و حاڵ نەداوە، خوا سەری دابێ ڕزقیش دەدا ئاوا ئێژن...ئەوەی بەتاڵان دەبرا پەیایان دەکردەوە، بۆ خانوو و کونجیش، قەرەچاری و زەڵ و پووشی گەرمیان زۆر و زەبەن، سەریان پێ دەگرتەوە و ڕێکوڕەوان دادەنیشتنەوە بۆ خۆیان هەر وەک هیچ ڕووی نەدابێ..." (ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٤٢) گەرمیان ماوەی سی ساڵ ئەم خانو سووتاندنە بەرۆکیان دەگرێت، بەڵام ئەم ڕووداوە چەند جارێک بەسەریاندا هاتووە و خۆیان شانیان داوەتە بەر و جارێکی دیکە دروستیان کردووەتەوە."چەند ڕۆژێک لەمەوبەر، هێشتا ئەم دەنگو باسانە لە ئارادا نەبوو[،] بەڵام وزە وز پەیدا ببوو...کە شتێک ئەقەومێ...دایکم لە شارەوە هاتە ئاوایی(زنانە) بۆ سەردانم، لەماڵی حاجی ڕەشیدی کێخا کەرەم دوو شەو پێکەوە بووین. شەوی یەکەم تا بەیانییەکی نە نووستین...سۆراخی دۆست وناسیاوم لێ دەکرد، هەواڵی سیروانی برازام لێ پرسی، هەر لە تەمەنی تۆدایە ئێستەش سەری زوان دەگرێ؟ ئایا وەکو جاران لە مشک دەترسێ؟ دەمەو بەیان مناڵ ئاسا لە باوەشیا دەخەوتم"(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٤٢)چەند شوێنکاتێکی ڕابردوو وەکو فلاشباک دێتەوە یادی، شوێن: ئاوایی زنانەیە، کات: شەو تا بەیانییە"دەنگوباسی لەمەوبەری هەڵەبجە ترس و گومانی خستبووە دڵی خەڵکەکە و ورەی پێ نەهێشتبوون...ماڵە پورێکم لە ئاوایی"خان"بوو...گەرمیانیش ئاوەدان بێ هەر لە مانگی چوارەوە دەبێتە هاوین..." (ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٤٢)شوێنکاتی ١٩٨٨/٣/١٦ کیمیابارانکردنی هەڵەبجەی شەهید، وابەستەکردنی شوێنە کە هەڵەبجەی شەهیدە بە کاتی کیمیابارانکردنەکە لە ٣/١٦ دا هەروەها وابەستە کردنی کاتە ٣/١٦ بەشوێنەوە کە هەڵەبجەی شەهیدە.

"لە بەهاردا کولیلکەی هەمەڕەنگ ئەو دەشتەی دەتەنێ لەم مانگەدا سیس دەبن و هەڵدەپرۆکێن... زەردە سیری و قەلەچاری و عەگول تا ئەژنۆ دێن و تا پایزێکی درەنگ دەمێننەوە، دەبنە لانەی کەروێشک و ڕێوی و جێ هێلانەی سۆسکە و کورکوڕ و تیترەواسکە و مەلۆچکەکی هەمەچەشنە"(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٤٢) شوێنکاتی سروشت لەم دەڤەرەدا زۆر سەرنج ڕاکێشە، بەهار و ڕووەک و بوونەوەر و پەلەوەر و ئاژەڵ! لە باهارانی هەموو ساڵێکدا سروشت لەم ماوە کەمەدا بەجوانترین شێوە دەردەکەوێت تا پایزان دەبێتە مایەی خۆشی بۆ مرۆڤ و گیانلەبەران. "بەدەم ڕێگاوە هەر بیرم لە هێرشەکە دەکردەوە، پێیان دەڵێم بڕۆن و خۆیان قوتارکەن، لەبەر خۆمەوە ئاوا دەدوام...پێیان دەڵێم خێرتان دەگات نەکو ئەو ئاواییانەی نزیکتان ئاگایان نەبێ با ئاگادارین...گەلێ جار و لەمەوبەریش ئاواییەکان بەر شاڵاو کەوتوون. "(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٤٣) شوێنکاتی بەرشاڵاو کەوتنی چەندجارە وئاگادار کردنەوەی ئاواییەکانی دیکە لە مەترسی شاڵاوی دوژمنان. "لەگەڵ مەلا بانگدانا خۆمم کۆکردەوە و، پوروم بە ئاگا هێنا و خواحافیزم لێ کرد...لە چەمەکە پەڕیمەوە، ویستم قەدبڕی کەم تا زووتر بگەمە ئاوایی"قەڵا"...دەمویست مەترسی شاڵاوەکە لەبیر بەرمەوە، بەڵام کە کارەساتەکەی هەڵەبجەم بیر دەکەوتەوە لەشم ئەوەندەی کە لە ئارەقە دەنیشت، دەمهێنایە بەرچاو کە ئەگەر دووبارە بێتەوە چی ڕوودەدا؟"(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٤٤) وەبیر هاتنەوەی شوێنکاتی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە و بەراوردکردنی لەگەڵ گەرمیاندا، دەبێ چۆن دەربچێت؟"ئۆمەربل لەچی دایە؟"-"..........."-"ئۆغر" -"خۆشمان نازانین"....ئەوان بەرەوژوور بوونەوە منیش بۆ دۆڵەکەی تەنیشتم شۆڕ بوومەوە...ئەو دۆڵە بە دۆڵی ڕێبوارکوژە بەناوبانگە، زستانان باراناوی پێدا دەڕوا"(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٤٤)ئۆمەربل و دۆڵی ڕێبوار کوژە دوو شوێنکاتی دیاریکراو و کارەسات ئامێزن، ڕێگای هات و نەهات دەگرێتەبەر جیا لەخەڵکە ئاوارە بووەکە. "خاڵسات" لە گەرمیانی جمەی دەهات دوای دوو ساڵەکە بە پارەوپوولێکی باش وعەرەبییەکی شلۆقەوە بۆ گەرمیان گەڕانەوە، لەو کاتەوە ئەوەندە عاشقە ڕاو نین، ئێستاش کە باسی ئەو دوو ساڵە دەکەن بە ساڵی خاڵساتەکە ناوی دەبەن، لە ئاواییەکیشدا ڕاوکەرێ هەبێ ساڵ دوازدەی مانگ ئەو پیادەیە ورزق سوارە"(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٤٦) ساڵی خاڵساتەکە شوێنکاتە وتایبەتە بە گەرمیان، ئەم دوو ساڵە ئەزمونێکە بۆ ڕاوکردن کە زۆر بایەخی نەما. "ژوورەکانی دیکەش دەرگاکانیان کرانەوە، وەک شارە مێرووولە هەر خەڵکیان لێوە دەردەچن و کۆتایی نایێ..ژوورەکەی ئەمان کەوتنە دوای هەمووەوە...لەبەر قەرەباڵغی پێ پێ دەڕۆن...ئیڤاکان لەبەر دەرگای حەوشە وەستاون، یەکێک پڕ دەبێ یەکێکی کە دێتە بەر دەرگاکە، هەر ئیڤایەکیش چادریان بەسەرا دراوە تاکو دیار نەبن....قیژەو گریان و کڕووزانەوەی مناڵ و ئافرەت... بانگکردن و هەڵبڕینی نیوەچڵ...ڕۆژی حەشرە..."(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٣٦٠) ڕۆژی حەشر ئیسکاتۆلۆجیایە، شوێنکاتێکە پەیوەستە بە ئایین و کتێبە پیرۆزەکان، ڕۆژی هەڵسەنگاندن و حیسابە، پردی سیرات یەکلا کەرەوەیە. " وا ئێستا چەند زەرتە بۆزێک قۆڵتان دەگرن و سەروپێچەتان پەتی دەکەن! چمکی کەواو کراستان ڕادەکێشن کوێر بم بۆ گرانی وسەنگینییەکەتان...بۆ تا زووە نامرن...هەرچیتان لێ بکەن ئێوە وەک شیری بەردایک ساف و بێ گەردن، خاوێن پاکن...کێ دەڵێ دەستی نامەردیتان بۆ درێژ ناکەن؟ بۆچی لێیان ناوەشێتەوە؟! خۆ یەکەم جاریان نییە، ئەو ساڵە لە ئاوایی(تۆکن) ئەوکەتنەیان نەکرد؟..."(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٦٥) لەم دەم وکاتەدا لەهەوڵی پێچەلاداندا وەڕستان دەکەن، ئەنفالچییەکان هەموو کارێکی قێزەونیان لێدەوەشێتەوە، بۆ گەواهی شوێنکاتی ئەو ساڵەی بەیاددا دێتەوە لە ئاوایی(تۆکن) دا دەستدرێژیان کردۆتە سەر کچە پاکیزەو بەشەرەفەکانی گەرمیان. "بڕوا بکەن چواردە سەر خێزانم بێ سەروشوێنە ...بچووکەکەی چوار مانگانە، دوو سەد سەر مەڕ، ئەسپێک، تراکتۆرێ، بە بەرچاومەوە بە تاڵانیان برد...جێگای چوار تەغار زەویم تۆ کردووە، تا پشتوێنە هاتووە، بەپێوە ما...لەوە ناخۆشتر نییە پیاو باسی خۆی بکات، ئەو دیوەخانەمە شەو و ڕۆژ بێ میوان نەبووە، وا ئێستا دوای سێ ڕۆژ برسیێتی سەموونێکی کەڕوو لێداوم وەکو بۆ سەگ فڕێ بدەن ،ئاوا بۆم توورِ هەڵدەدا"(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٧٥) لە دوو شوێنکاتی جیاوازدا یەکەمیان لەبەهاری ساڵی ١٩٨٨ بەر لە ئەنفالکردنیان لە ئاوایی گابەردەدا لەگەرمیان، دووەمیان لە زیندانی نوگرە سەلماندا لەکاتی برسییەتیدا. "نەمردایەم جارێکی کە زەوییەکانی دەوروبەری گابەردەم بکێڵایە وهەر لەوێ نان ودۆیەکم بخواردایە، بۆخۆم بمردایەم...بەڵام دڵم خەبەری داوە ئەمەم جارێکی کە بۆ هەڵناکەوێ وئەم حەسرەتەم دەبەمە ژێر گڵەوە... "(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٧٥) شوێنکاتی گابەردە و نوگرە سەلمان، کە ئاسمان و ڕێسمانە نێوانیان، کەپێی وایە جارێکی دیکە نایبینێتەوە.
"با ڕۆژانە چیم بینی بینووسمەوە...جا وا نووسیشم دەستی کێ دەکەوێ..نەء ڕۆژانە بۆ هاپۆ و گەرمیانی دەگێڕمەوە..بەڵکو ئەمە دونیایە خواو ڕاسان یەکێک ڕزگاری بوو"ئەرێ مەلا بۆ وامان لێ دەکەن و بەم دەردە چووین؟"ولا تدري نفس بآي آرض تموت""(ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٢٨٧) سابیر بۆ بزر

نەبوونی شوێنکاتی ئەو کارەسات و نەهامەتییانە بیر دەکاتەوە، چۆن ئەرشیفیان بکات، بەڵکو ئەوە خوایە یەکێکیان ڕزگاری بێت؟!"ساتە یەگجار ناخۆش و بێزارکەر و دڵگوشێنەری ئەم قەڵایە دەمەو ئێوارانییێتی...هەرچەندە شەوانی دەبنەساڵێکی نەهات و بڕانەوەیان نابێ، بەڵام قەت ناگەنە ساتە خەماوییەکانی دەمەو ئێوارانی...ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش دانیشتوانی ئەم قەڵایە ڕەنگ و ڕوخساریان دەگۆڕێ، سەد سوێن بخۆ مرۆکەی دوێنێ نەبوون... "(ئیسماعیل، ۲۰۰۷، ۲۹۲) بۆ ئەنفالکراوان دەمەو ئێواران شوێنکاتێکی زۆر ناخۆش و دڵگوشێنەرە، لەوێوە چاوەڕێی شەوێکی بێکۆتا دەکەن. "پیاو ڕاست بێژێ ئەو گەرمیانەی لای خۆمان، هاوینانی وا نییە....بەڵام قەتیش ئەم گەرما دڵگوشێنەرە نەحلەتیەی[نەعلەتیە] ئێرە نییە، نەوەڵلا...پەکو لە گەرمای ئێرە...کوڕە بابە ئێوە شایەتییە هەق بدەن و شەوانی لای خۆمانتان بێننەوە یاد...وەی لەو شەماڵە فێنکەی...دۆی مەشکە و ئاوی کوننەڵان وات لێ دەکات شەققە لە دان بدات...نیوەڕۆ تاوێک لەژێر کوننەڵانەکەی خۆمان سەرخەوێ بشکێنم "(ئیسماعیل، ۲۰۰۷، ۲۹۳) شوێنکاتی گەرمیان کە هاوینە بەراورد دەکات بە شوێنکاتی نوگرە سەلمان کە زۆر جیاوازن لە خاک و گەرماییدا. "من تۆزێ لە زمانەکەیان ئەگەم...ئەیان وت ناهێڵین ئیتر ئەم ئافرەتانە مناڵیان بێ...شتێکیان دەرخوارد ئەداین، ئێمەش لە برسانا دەمانخوارد...دایکم و فاتەی خوشکمیان زیندەگۆڕ کرد...دایکم کە دەیگێڕێتەوە هەر دەگری...ئەوە بۆ وایان لێمان کرد؟!"(ئیسماعیل، ۲۰۰۷، ۲۹۹) زیندەگۆڕ ئەو شوێنکاتەیە کە مرۆڤی کورد یان گەرمیانییەکان بەزیندوویی تێی دەئاخنران وزیندەبەچاڵدەکران.

" ئا فاتەی خوشکم وتی: لە شەوێکدا دایاننایین زۆر بووین، ئەمجا بەماشێنی گەورە گەورە لمیان بەسەراکردین، لەپێشدا وامان زانی گاڵتەمان لەگەدا دەکەن... کە لمەکە گەیشتە ناو قەدمان زانیمان نیازیان خراپە"(ئیسماعیل، ۲۰۰۷، ۳۰۳) گێڕانەوەی شوێنکاتی زیندە بەچاڵکردنیان لەلایەن فاتەی خوشکی سابیر کە لە چاڵە لمەکانەوە ڕزگاری بووە!؟ تەنها بە وتن خۆشە چۆن بەزیندوویی خۆڵیان بەسەردادەکەن و بەزۆر دەیانکوژن؟!

## ئەنجام:

١-شوێنکات بریتییە لە دەستپێکردنی ڕووداوێک لەکات وشوێنێکی دیاریکراودا کۆتایی پێهاتووە.

٢-شوێنکات وەک ئاوێتەیەک وڕەگەزێکی سەربەخۆ، کەلە دوو ڕەگەزی بنەڕەتی جیای چیرۆک وڕۆمانن، بەیەکەوە ئاوێتەیەکیان دروست کردووە، کە لەخزمەت بەیەکەوە لێکگرێدانی کات وشوێنە، وابەستەکردنی کات بەشوێن وشوێن بەکاتە.

٣-ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل لە کورتە ڕۆمانی بەهاری ڕەشدا، کاتی بەشوێن وشوێنی بەکاتەوە وابەستە کردووە، بەجۆرێک کە باس لە نەهامەتی وگرتن وبێ سەرو شوێنکردن وزیندەبەچاڵ کردن وڕاگواستنەوەی خەڵکی ئاواییەکان دەکات بۆ نوگرە سەلمان وتۆبزاوا، کاتی ئەنفالی سێ یەممان دەهێنێتەوە یاد.

٤-شوێنکات جگە لە کات بە هۆی شوێنەوە یان شوێن بەهۆی کاتەوە ئاشکرادەکات، لە هەمان کاتدا ڕووداوەکان وکەسێتییەکانش ئاشکرا دەکات.

٥-بەهاری ڕەش وگەرمیان وئەنفالی سێ یەم، کات کە بریتییە لە بەهاری ساڵی ١٩٨٨ز، گەرمیان کە بریتییە لە شوێن وئاواییەکانی سنووری قادر کەرەم وکەلار وکفری وکوڵەجۆ وچەم چەماڵ وتیلەکۆ، ئەنفالی سێ یەم کە گەورەترین ڕووداوی ئەنفال وتاوانەکانی کۆتایی سەدەی بیستەمە، کەتیایدا چل هەزار مرۆڤی کورد بوونە قوربانی.

## لیستی سەرچاوەکان:

١- قورئانی پیرۆز، تەفسیری ئاسان، بورهان محەمەد ئەمین، ١٩٩٤-١٩٩٧، چاپخانەی ڕۆشنبیر.هەولێر.
٢- ئیسماعیل، ئەحمەد محەممەد،٢٠٠٧، کۆچیرۆک، بەهاری ڕەش، هەولێر، چاپی یەکەم، ژ. (٦٥٨)، کتێبخانەی گشتی هەولێر.
٣- ئیسماعیل، ئەحمەد محەمەد،٢٠٠٣، کۆچیرۆک ، بەهاری ڕەش، هەولێر، چاپی یەکەم، ژ.(١٩٩) کتێبخانەی گشتی هەولێر.
٤- ئیسماعیل، سەباح، ٢٠٠٥، چەمک وئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، کەرکوک.
٥- ڕەئوف، لوقمان، ٢٠١٢، ڕەهەندەکانی شوێنکات لەدەقە واڵاکانی شێرکۆ بێکەس دا، سلێمانی.
٦- سەعید، د. جەلال ئەنوەر، ٢٠١٣، گفتوگۆ لە ڕۆمانی کوردیی کرمانجیی خوارووودا، سلێمانی.
٧- مەنتک، حەمە، ٢٠١١، سوریالیزم لە ئەدەبی کوردیدا، هەولێر، چ ١.
٨- محەمەد، میران جەلال، ٢٠٠٩، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشووری کوردستاندا، ، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
٩- مستەفا، ڕێزان عوسمان، ٢٠١٠، بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشووری کوردستان دا، ١٩٨٥-١٩٩٠، هەولێر.
١٠- وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە، موفتی زادە، سیامەندی، ١٩٩٩، جینۆساید لەعێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، ئامادە کردنی میدڵ ئیست وۆچ، سلێمانی چاپخانەی خاک، چ١
١١- و.یاسین، عوسمان، ١٩٩٩، بونیادگەری پێکهاتوویی (میتۆدی لوسیان گۆڵمان)، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
١٢- وات، ئەیان، وەرگێڕانی بۆ فارسیی، پاینده، حسێن، وەرگێڕانی لەفارسییەوە بۆ کوردی. کەریم، محەمەد، ٢٠٠٣، تیۆری ڕۆمان، سلێمانی.
القرآن الكريم، الجزء ٨، الاية ١، ٤١.
١٣- بن دبلة، جلول، ٢٠١١، ٢٠١٢، تجليات العجائبي في الخطاب الروائي، رسالة الماجستير، باشراف هواري بالقاسم، الجزائر.
١٤- جنداري، محمود، الفظاء الروائي عند جبرا إبراهيم جبرا، وما بعدها.
١٥- حليفى، شعيب ، ٢٠٠٩، شعرية الرواية الفانتاستيكية، الجزائر.
١٦- ذياب، صفاء، ٢٠١٥، تمثلات العجيب في السيرة الشعبية العربية، سورية
١٧- علام، حسين،٢٠١٠، العجائبي في الادب في منضور شعرية السرد، الجزائر، ط١.
١٨- عزام، محەمەد، ٢٠٠٣، ادب الخيال العلمي، محمد عزام، سورية -ديمشق .
١٩- علاوي، الخامسة، ٢٠١٣العجائبية في الرواية الجزائرية، دار التنوير الجزائر.
٢٠- علاوي، د.الخامسة، ٢٠٠٥، العجائبية في ادب الرحلات، رحلة ابن فضلان نموذجا، اشراف ، اعداد الطالب الماجستير عبد حمادي.
٢١- علاوي، د. الخامسة، ٢٠١٣ العجائبية في الرواية الجزائرية، دار التنوير الجزائر.
٢٢- معلوف، لويس – المنجد، الطبعة الخامسة والثلاثون، ص ٨٢٨.